بنیاد شیرین عبادی
SHIRIN EBADI
FOUNDATION

( پێداچوونەوەی دووهەم بە پێی یاسا نوێکان )

# مافەکانی تۆمەتبار

زانستی ماف بە زمانێکی ساکار




عەبدولفەتاح سوڵتانی
مەهناز پەراکەند

وەرگێڕ
سمکۆ خەلیلی

بنیاد شیرین عبادی
SHIRIN EBADI
FOUNDATION
www.shirinebadifoundation.org
https://t.me/shirinebadiofficial

بنیاد شیرین عبادی
SHIRIN EBADI
FOUNDATION

زانستی ماف بە زمانێکی ساکار

# مافەکانی تۆمەتبار

پێداچوونەوەی دووهەم بە پێی یاسا نوێکان

عەبدولفەتاح سوڵتانی
مەهناز پەراکەند

وەرگێڕ
سمکۆ خەلیلی

١٤٠١
2023

Shirin Ebadi Foundation

# مافەکانی تۆمەتبار

Rights Of The Accused

پێداچوونەوەی دووهەم
بە پێی یاسا نوێکان


ناوی کتێب: مافەکانی تۆمەتبار
زانستی ماف بە زمانێکی ساکار



نووسەران: عەبدولفەتاح سوڵتانی، مەهناز پەراکەند

وەرگێڕ: سمکۆ خەلیلی



دیزاینی گرافیکی دەق و ڕووبەرگ : بیـدار

بڵاوگە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئیلکترۆنیکی
دامەزراوەی شیرین عیبادی
www.shirinebadifoundation.org

[کەڕەتی چاپ: دووهەم (پێداچوونەوەی دووهەم) ئیلکترۆنیک/١٤٠١]



ⓒ مافی لە چاپدانەوەی بۆ بڵاوگە پارێزراوە.

©Shirin Ebadi Foundation 2023

# پێڕست


پێشەکی ٨
تۆمەتبار کێیە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ تاوانباردا هەیە ١١
پێناسەکردنی تۆمەتبار ١١
ئایا تۆمەتبار دەبێ بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ؟ ١٢
تاوانەکان چین و چەند دەستەن؟ ١٣
تاوانە بیندراوەکان ١٣
تاوانە نەبیندراوەکان ١٤
ناسینی تاوانە بیندراو و تاوانە نەبیندراوەکان و جیاکردنەوەیان لەیەکتر بەکەڵکی چی دێت؟ ١٥
مافەکانی تۆمەتبار لە تاوانە بیندراوەکاندا چین؟ ١٥
مافەکانی تۆمەتبار لە تاوانە بیندراوەکاندا کە کارگێڕانی دادگا بە بێ فەرمانی دادوەری قۆڵبەستی دەکەن چییە؟ ١٦
مافی تۆمەتبار لە تاوانە نەبیندراوەکاندا چییە؟ ١٨
ئـ) بانگهێشتی تۆمەتبار بۆ ناوەندی دادوەری ١٨
ب) بانگهێشت کردن یان قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار ١٩
مافی تۆمەتبار لەکاتی قۆڵبەستکردندا ٢١
ڕیزپەڕەکانی دۆخی گشتیی وەرەقەی قۆڵبەستکردن ٢٢

**مافی تۆمەتبار پاش بانگهێشت کردن بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوە یان قۆڵبەستکردن** ۲۳
ئـ) تێگەیاندنی تاوان و هۆکارەکانی ۲۴
ب) مافی کەڵک وەرگرتن لە پارێزەر ۲۵
پ) پێشگرتن لە هەڕەشە و ئەشکەنجەی تۆمەتبار ۲۶
ت) ڕەچاوکردنی مافی بێدەنگی ۲۹
ج) ڕەچاو کردنی حورمەت و کەرامەتی کەسی دەسبەسەرکراو ۲۹
چ) قەدەغە بوونی گوێگرتن لە گفتوگۆی تەلەفونی تۆمەتبار ۳۰
ح) پشکنین و گەڕانی خانوو یان شوێنی داخراو ۳۱
خ) وەرگرتنی دوایین بەرگری ۳۴
د) مافی تۆمەتباری دەسبەسەرکراو ۳۴
ر) مافی بەهرەمەندی لە دادپرسی عادڵانە و دادگایەکی لێهاتوو و بێلایەن ۳۸
ڕ) مافی بەهرمەندی لە دادوەری لێهاتوو و بێلایەن ۳۹
ز) مافی دادگایی کردنی تۆمەتبار بەتاوانی جۆراوجۆر لە دادگایەکدا ۴۰
ژ) مافی دادگایی کردنی هاودەست و شەریکی تاوان، هاوکات لە دادگایەکدا ۴۲
س) مافی وەدەست هێنانی زانیاری لە دۆسییە ۴۲
ش) مافی موتالاکردنی ڕاپۆرتی واژۆکراو و هەموو ئەو وەرەقانەی بۆ واژۆ کردن دەدرێنە تۆمەتبار ۴۳
ع) مافی نارەزایەتی دەربڕین بە بڕیاری دەسبەسەرکردن ۴۴
غ) مافی پرسیار لەو شایەتحاڵانەی دژی تۆمەتبار شایەتی ئەدەن ۴۵
ف) مافی وەرگرتنی ڕەسید لەکاتی پشکنینی خانوو و پشکنینی جەستەی تۆمەتبار ۴۵
ڤ) مافی وەرگرتنەوەی ئەو سامان و داراییەی لەکاتی پشکنینی جەستەی تۆمەتبار گیراون ۴۶
ق) مافی وەرگرتنی ڕوونووسێک لە بڕیار، سزانامە یان دادنامە ۴۶

ک) مافی ئاشکرابوونی دادگایی کردن ۴۷
گ) مافی داواکردنی قەرەبووی زەرەر و زیانی دەس‌بەسەرکردنی نایاسایی ۴۸
ل) مافی بەهرەمەندی لە تەندروستی، خۆراک و ڕابواردنی شیاو لە گرتووخانەی کاتی ۴۸
ڵ) مافی داخوازی ژارپاشی و دژگەن‌کردنی ئەو شوێنەی لێی ڕادەگیردرێ ۴۹
م) مافی سەردانی بنکەی تەندروستی گرتووخانە یان زیندان و مافی چارەسەرکردنی نەخۆشی و دەرمان ۴۹
ن) مافی مەرەخەسی بۆ تۆمەتباران لە گرتووخانەی کاتی ۴۹
**خاڵە گشتیەکان** ۵۰
**پەراوێزەکان** ۵۲

# پێشەکی

دادپرسی عادڵانە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ هەڵسەنگاندنی دێموکڕاسی لە هەر وڵاتێکا. شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ تۆمەتبار و دەستەبەرکردنی ڕەوتی دروست و عادڵانەی دادپرسی لە قانوون و ڕێسا نێونەتەوەییەکاندا بە ڕوونی باسی لێکراوە. لە یاسای بنەڕەتی و قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوانەکان و قانوونی سزای ئیسلامی ئێرانیشدا ڕێ و شوێن و ڕێساگەلێک بۆ دەستەبەری مافی تۆمەتبار و دادپرسیی عادڵانە ڕەچاو کراوە. لەم کتێبەدا "مافی تۆمەتبار" لە قانوونی ئێراندا بە ئێوە دەناسێنین. پێتان دەڵێین:

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای دەسەڵاتیەوە تا ئێستا، لەگەڵ ڕێکخراوەی پارێزەران و پارێزەری ئازاد و سەربەخۆدا پێوەندییەکی باشی نەبووە. بە تایبەت لەو شوێنانەی کە مافی خەڵک دێنە ئاراوە و ئەو مافانە لەگەڵ هێزی دەسەڵاتدا ناتەبان، هەوڵ دەدات پەنا بەرێتە هەموو شێوازێکی نایاسایی و دوور لە ئەخلاق، بۆ ئەوەی ئیزن بە پارێزەرەکان نەدات لە دۆسیە سیاسی و ئەمنییەتیەکاندا دەستێوەردان بکەن و بە ئیشتیای خۆیان بە ترساندن و تۆقاندن تۆمەتباری ئەم دۆسیانە سەرکوت بکەن. هەر بۆیە، دەسەڵات هەنگاو بە هەنگاو و هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتی داخوازییە قانوونییەکانی خەڵک و چالاکانی مەدەنی و سیاسیدا، دەرەتان لە پارێزەرانی مافی مرۆڤیش دەبڕێ کە ڕاستگۆیانە بەرگری لە مافی قانوونی تۆمەتباران دەکەن.

ساڵی ١٣٨٧ بە لە بەرچاوگرتنی ئەو شێوازە نایاساییەی دەسەڵاتی دادوەری پێڕەوی دەکرد و بە مەبەستی گوشاری زیاتر لە سەر تۆمەتبارە سیاسی و بڕواییەکان بۆ دانپیانانی زۆرەملی، خستبویانیە دۆخێکی تەریک و داخراوەوە و ئیزنی مولاقات و پارێزەریان پێ نەدەدرا؛ لەگەڵ "عەبدولفەتاح سوڵتانی" بەڵێنمان دا بە نووسین و شرۆڤەکردنی ڕێساکانی پێوەندیدار بە ڕێ و شوێنی سزادان، مافەکانی بەرگری کردن لە خۆ بە چالاکانی مەدەنی و سیاسی بناسێنین،

لە بەر ئەوەی بە ئاگاداری لە مافەکانی خۆیان، لانیکەم لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لێکۆڵەر و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە_ تا کاتێ دەتوانێ لەگەڵ پارێزەر پێوەندی بگرێ_ نەکەوێتە داوی فریو و هەڕەشە و گوشاری لێکۆڵەرانەوە.

بەم مەبەستە، نامیلکەی مافی تۆمەتبار بە زمانێکی ڕوون و ساکار بۆ هەمووان هاتە نووسین. ئەم نامیلکە لە دانیشتنە تایبەتەکانی "کانوونی پارێزەرانی مافی مرۆڤ" و لە کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێ لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی کە مەترسی گرتنیان لە سەر بوو هاتە فێر کردن، کە بۆ زۆرێک لە تۆمەتبارە سیاسی و بڕواییەکان لە لێپرسینەوەکاندا بە کەڵک بوون و ئەنجامی زۆر باشی لێ-کەوتەوە.

ئەم ڕۆژانە کە لە ڕەوتی ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکاندا، زۆرێک لە هاووڵاتییە ئازیزەکانمان کوژراون و بە هەزاران کەس دەسبەسەر کراون و ڕووبەڕووی تۆمەتی ئەمنیەتی کراونەتەوە، بە پێویستمان زانی بۆ جارێکی تر ناوەرۆکی ئەم نامیلکە لە ڕێگای سایت و کاناڵی تەلەگرامی و لاپەڕەی ئینستاگرامی کانوونی پارێزەرانی مافی مرۆڤ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە بگەیەنینە هاووڵاتییانی بەڕێزمان. بە تایبەت کە لەم جۆرە گرتنانەدا دەس-بەسەرکراوان تا ماوەیەکی زۆر چاوپێکەوتنیان قەدەغەیە و ناتوانن پارێزەر بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم نامیلکە، بەڵێنمان دا بە شێوازی کتێبی دەنگیش بڵاوی بکەینەوە. بۆ ئەوەی ئەو هاووڵاتییە بەڕێزانەی کاتی خوێندنەوەیان نییە، گوێی لێ بگرن و ئاگاداری مافی بەرگریکردن لە خۆیان بن و لە کاتی پێویستدا کەڵکی لێ وەرگرن. پێویستە بڵێین کە ناوەرۆکی ئەم نامیلکە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ڕێسای "قانوونی بنەماکانی دادپرسین"دا نوێ کراوەتەوە. بەو هیوایەی ئەم نامیلکە ئامرازێک بێت کە یارمەتی چالاکانی مەدەنی و سیاسی بدات لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لێکۆڵەر و پشکێنەر و دادوەری دادگا و نەهێڵێ بکەونە ئەو چاڵەی لێکۆڵەرەکان بە فێڵ و تەڵەکە هەڵی‌دەکەنن.

مەهناز پەراکەند

### لە کاتی لێپرسینەوە و دادگایی کردندا دەبێ چی بکەین؟ مافەکانی "تۆمەتبار" چین و ئەرکی ناوەندەکانی داد و بەرپرسانی دادوەری و ئینتزامی چین؟

هەر لە سەرەتاوە جەخت دەکەینە سەر ئەوەی کە زانیاری لە سەر ئەم مافانە بە واتای ئەوە نییە کە ئێوە ئیتر پێویستتان بەوە نەبێ بچن بۆ لای پارێزەرانی مافی مرۆڤ و لە خزمەتگوزارییە قانوونییەکانی ئەوان کەڵک وەر نەگرن. ئێمە لە سەر ئەوە جەخت دەکەین کە تەنانەت ئەگەر هەموو ڕێساکانی بنەمای دادپرسی بە باشی بزانین دیسان پێویستمان بە پارێزەری دادگا هەیە. پێشنار دەکەین لە هەموو قۆناخەکاندا لە خزمەتگوزاری پارێزەری دادگا کەڵک وەربگیردرێ.

### تۆمەتبار کێیە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ تاوانباردا هەیە؟

**پێناسەکردنی تۆمەتبار:** لە قانوونی سزادا بە کەسێک دەڵێن تۆمەتبار، کە گومانی ئەوەی لێبکرێت تاوانێکی ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا نەسەلماوە ئەوتاوانەی کردبێت. چونکوو ئەگەر بسەلمێندرێ تاوانێکی کردووە، ئیتر پێی ناوترێ تۆمەتبار، بەڵکوو پێیدەڵێن تاوانبار.

◎ **نموونە:** مرۆڤێک کوژراوە و کەسێکیان بە گومانی کوشتن تۆمەتبار کردووە، بەڵام هێشتا نەسەلماوە کە ئەم کەسە کوشتوویەتی یان نا. لەم قۆناغەدا بەو کەسە دەڵێن تۆمەتبار نەک تاوانبار. بە واتایەکی دیکە، تاوانبار کەسێکە کە گومانی ئەوەی لێدەکرێ هۆکاری ڕوودانی تاوانەکە ئەو بووە و سەلماندنی تۆمەتی تاوانباربوونەکەیش لە ئەستۆی کەسێکە کە ئەوی تاوانبار کردووە.

بەم جۆرە نییە کە تۆمەتبار ئەرکی سەلماندنی بێتاوانییەکەی لە ئەستۆی خۆیدا بێت؛ چونکوو هەم لە یاساگەلی نێونەتەوەیی وا ئێران خۆی قەبووڵی کردوون، بۆ نموونە: جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی و هەمدیسان لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕێسای ڕێ و شوێنی سزادان بنەما ئەمەیە کە هەموان بێتاوانن، مەگەر ئەوەی بەگوێرەی ڕیسا قانوونییەکان و بە هۆکارگەلێ کە جێی متمانەی یاسان و لەدادگایەکی عادڵانە و بێلایەندا تاوانباربوونەکەی بسەلمێندرێ.[١]

هەر بۆیە تەنیا بە بوونی شک و گومان لەسەر ئەوەی کەسێک تاوانێکی کردووە، ناتوانین ئەو کەسە وەک تاوانبار بناسێنین.

◎ **نموونە:** لە بینایەکی چوار نهۆمیدا کە هەر نهۆمێک چوار یەکەی تێدایە، هەموو خاوەن ماڵەکان ماشێنیان هەیە. دزێک لە نیوەشەودا قوفڵی درگای پارکینگ دەکاتەوە و شتومەکی بەنرخی نێو ماشێنەکان بێجگە لە دانەیەکیان دەدزێ. لەم قۆناخەدا ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و دادگا دەبێ لەوپەڕی بێلایەنیدا بە گریمانەی بێتاوانبوونی تۆمەتبار، لێکۆڵینەوەی لێبکەن و بە لێکدانەوەی هۆکار و بەڵگەکانی بەردەست، دادوەری بکەن.

هەر بەم بۆنەوە، بۆئەوەی تۆمەتبار بتوانێت بەباشی بەرگری لە خۆی بکات و دادگایش بە ڕەچاوکردنی بێلایەنی، ڕاستییەکانی دەست بکەوێت، قانووندانەر هەندێ مافی بۆ تۆمەتبار ڕەچاو کردووە و بڕیاری لەسەر داوە: بۆ وێنە ئەگەر کەسێک بەرانبەر کەسێکی دیکە سکاڵایەک تۆمار بکات، دەبێ سکاڵاکەی بەڵگەمەند بێت و دەبێ دوو جۆر هۆکار بخاتە ڕوو:

**یەکەم:** هۆکاری سەلماندنی ئەم بابەتە کە تاوانێک ڕووی داوە.

**دووهەم:** تاوانی ئەنجامدراو کاری تۆمەتبارە.

لەواقیعدا، دادسەرا مافی ئەوەی نییە بەدواداچوون بۆ سکاڵایەک بکات کە بێبەڵگە و هۆ دێتە گۆڕێ و هۆکاری پێویست بۆ بانگهێشتنی تۆمەتبار و لێکۆڵینەوەی لەبەردەستدا نەبێت و نابێت کەسێک وەک تۆمەتبار بانگهێشت بکات و لێکۆڵینەوەی لێبکات.[٢]

## ئایا تۆمەتبار دەبێ بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ؟

نا! بەو جۆرەی باسمان کرد، بەڵگەهێنانەوە و سەلماندنی تاوانباربوونی تۆمەتبار لە ئەستۆی سکاڵاکەردایە نەک خودی تۆمەتبار. سەبارەت بە دزرانی کەرەستەی ناو ماشێنی دراوسێکان لە پارکینگ و تۆمەتبارکردنی یەکێکیان (ئەو کەسەی کەرەستەی ماشێنەکەی نەدزراوە) بەڵگەی پێویست بە دەستەوە نادات بۆ ئەوەی تاوانبار بکرێت، بەڵکوو تەنیا شک و گومان دروست دەکات. دراوسێکان دەبێ بەلگە و سکاڵانامەکانیان لە ناوەندێکی دادوەریدا تۆمار بکەن، ئەگینا هیچکەس بۆی نییە بێهۆکار تۆمەتی ناڕەوا لە کەسی دیکە بدات.

◎ بۆ نموونە ئەو دراوسێیەی وا تۆمەتبار کراوە، ئەگەر پێشتر بە تاوانی دزیەتی تاوانبار کرابێت یان دراوسێکان لە کاتی چوونەدەرەوە لە پارکینگ چاویان پێیکەوتبێ، یان

دراوسێیەک شتێک لەو کەرەستانەی لە ماشێنەکان دزراوە، بە دەستییەوە دیبێتی، بەم پێیە دەتوانین لە کەسی گومانلێکراو لێپرسینەوە بکەین. بێجگە لەمە دەسپێکردنی لێکۆڵینەوە لە کەسێک کەهیچ هۆکار و بەڵگەیەک دژی نەبێت، بە کارێکی نایاسایی دێتە ئەژمار.

دانانی ئەم جۆرە ڕێسا توند و جیددییانە لەبەر ئەوەیە مەبادا بێهۆ تۆمەت بخرێتە پاڵ کەسێکی بێتاوان و لەخۆوە تاوانبار بکرێت یان تاوانبارێک زیاتر لەوەی قانوون دیاری کردووە سزا بدرێت.

## تاوانەکان چین و چەند دەستەن؟

جۆرەکانی تاوان: لە ڕوانگەیەک و دابەشکردنێکی گشتییەوە تاوانەکان دوو دەستەن:
ئ: تاوانە بیندراوەکان
ب: تاوانە نەبیندراوەکان

### تاوانە بیندراوەکان

بە گوێرەی قانوون "تاوانە بیندراوەکان" ئەو تاوانانەن کە یەک یان چەند تایبەتمەندییان هەیە:
١. ئەو تاوانەی وا بە "بەرچاوی کارگێڕی پۆلیسەوە"[٣] ڕوو دەدەن.

◎ **نموونە:** شەڕ و تێکهەڵچوونێک لە شەقامدا ڕوو دەدات فەرمانبەرێکی هێزی پۆلیس دەبینێ کە سیروان بە چەقۆوە پەلاماری دیاکۆ دەدات و چەقۆیەکی لێ دەدات. لەم حاڵەتەدا دەڵێن "تاوانەکە بیندراوە"، چونکوو فەرمانبەرانی هێزی پۆلیس خۆیان شاهیدی ڕوودانی تاوانەکە بوون.

٢. ئەو تاوانەی دەسبەجێ پاش ڕووداوەکەی، فەرمانبەرانی پۆلیس دەگەنە شوێنی ڕووداو و نیشانە و هۆکارەکانی ڕوودانی تاوانەکە دەبینن.

◎ **نموونە:** وەک ئەوەی پاش شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان سیروان و دیاکۆ، هێزی پۆلیس دەگەنە ئەوێ و دەبینن کە سیروان چەقۆیەکی خوێناوی بەدەستەوەیە و دیاکۆش بە چەقۆ بریندار کراوە و شوێنی برینەکەشی خوێنی لێدەچۆڕێ و بێحاڵ کەوتووە یان لەهۆش خۆی چووە. لێرەدا نیشانەکانی ڕوودانی تاوان وەک برینداربوونی دیاکۆ و

هۆکارەکانی وەک چەقۆی خوێناوی بەدەستی سیروانەوە دەبێتە هۆی ڕوودانی تاوانەکە، چونکوو فەرمانبەران چاویان پێی کەوتووە. پێی دەڵێن تاوانی بیندراو.

٣. ئەو تاوانەی لەژوورێکی داخراودا وەک ماڵ یان شوێنی کار ڕووی داوە، پۆلیس ئاگادار کراوە و خۆیان گەیاندووەتە ئەوێ. خاوەن کار یان خاوەن ماڵ ڕێگەیان بە پۆلیس داوە بێنە ژوورەوە و نیشانە و هۆکارەکانی ڕوودانی تاوانەکە ببینن.

◎ **نموونە:** ژن و مێردێک لەماڵەوە دەبێتە شەڕیان، وای دانێین ژن و مێردەکە دەست لەیەک بەرز دەکەنەوە و یەکترین بریندار دەکەن، یەکێکیان پۆلیس ئاگادار دەکات و درگا بۆ پۆلیس دەکاتەوە بۆ ئەوەی نیشانەکانی شەڕ و کوتەک و لێدان ببینن. لەم حاڵەتەدا تاوانێک ڕوویداوە و پێی دەڵێن "تاوانی بیندراو".

٤. کەسێک هێرش کراوەتە سەری و زەبری بینیوە، هەر خۆی کەسی هێرشبەر وەکوو تۆمەتبار دەناسێنێ.

◎ **نموونە:** سیروان لەگەڵ دیاکۆ بۆتە شەڕی و برینداری دەکات. کارگێڕانی پۆلیس دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە و دەبینن چەقۆیەکی خوێناوی بە دەستی کەسێکی دیکەوەیە. کارگێڕانی پۆلیس دەیانەوێ ئەو کەسە بگرن، دیاکۆ کە بریندار بووە بەڵام هۆشی لە سەر خۆیەتی، خۆی بە کارگێڕەکان دەڵێ ئەو کەسەی چەقۆکەی بەدەستەوەیە لێی‌نەداوم، بەڵکوو کەسێک بەناوی سیروان برینداری کردووم و هەڵاتووە. ئەمەیش وەک "تاوانی بیندراو" دێتە ئەژمار.[٤]

٥. کاتێک تاوانێ ڕوویدابێت و تۆمەتبارەکەی کەسێکی بەڕەڵا و گەڕاڵ بێت. بە گشتی هەموو ئەو تاوانانەی لەلایەن کەسانی بەڕەڵاوە (ئەوانەی شوێنیکی تایبەتیان نییە بۆ نیشتەجێبوون یان کارکردن ) ڕووئەدەن "تاوانی بیندراو" دێنە ئەژمار.

### تاوانە نەبیندراوەکان

تاوانە نەبیندراوەکان ئەوانەن کە هیچکام لە تایبەتمەندییەکانی تاوانی بیندراویان نییە. لەواقیعدا تاوانێکن کە بەشاردراوی دوور لە چاوی پۆلیس و خەڵک ڕوو دەدەن. لەبنەڕەتدا بەسکاڵانامەی

"سکاڵاکەری تایبەتی" یان داستێن دێنە ئاراوە..

## ناسینی تاوانە بیندراو و تاوانە نەبیندراوەکان و جیاکردنەوەیان لەیەکتر بەکەڵکی چی دێت؟

یەکێک لە جیاوازییەکانی لێک جیاکردنەوەی تاوانە بیندراوەکان لە تاوانە نەبیندراوەکان، لە شێوازی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ تۆمەتبار، لە لایەن پۆلیس یان کارگێڕانی دادگاوەیە. لە تاوانی بیندراودا کە پێویستی بە سکاڵای سکاڵابەری تایبەت یان دادستێن نییە و فەرمانبەرانی پۆلیس کە ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاگادار دەکرێن دەتوانن بەبێ ئەوەی فەرمانی بەرپرسی دادوەرییان هەبێت تۆمەتبار قۆڵبەست بکەن و بیبەن بۆ کەلانتەری. بەڵام لەتاوانە نەبیندراوەکاندا کە فەرمانبەران ڕاستەوخۆ لەڕەوتی ڕووداوەکان ئاگادار نین و بە سکاڵای سکاڵابەری تایبەتی یان دادستێن دێنە ئاراوە، فەرمانبەران ناتوانن بە بێ فەرمانی بەرپرسی دادوەری دەستبەکار بن. لەم جۆرە حاڵەتانەدا بۆ ئەوەی فەرمانبەران بتوانن دەسبەکار بن، پێویستە بەرپرسێکی شیاوی دادوەری (وەک لێکۆڵەر یان دادیار یان دادوەری دادگا) و لەهەندێ حاڵەتیشدا دادستێن فەرمان دەربکەن.

## مافەکانی تۆمەتبار لە تاوانە بیندراوەکاندا چین؟

پێشتر ئاماژەمان پێدا کە لەم تاوانەدا فەرمانبەر دەتوانێ بەبێ فەرمانی دادوەری، تۆمەتبار قۆڵبەست بکات و بیبات بۆ کەلانتەری. هەڵبەت تەنیا ئەو کارگێڕانە دەتوانن لە تاوانە بیندراوەکاندا دەستێوەردان بکەن کە کارگێڕی دادگا بن. کارگێڕانی دادگا دوو دەستەن:

١. دەستەی یەکەم پێیان دەڵێن "کارگێڕانی گشتی دادگا" کە بریتین لە فەرماندە و قوماندار و پلە و پایەداری هێزی ئینتزامی، کە لەم بوارەدا مەشق و ڕاهێنانیان کردووە.

٢. دەستەی دووهەم پێیان دەکوترێ "کارگێڕانی تایبەتی" و ئەمانە ئەو بەرپرس و کارگێڕانەن کە بە گوێرەی قانوونی تایبەت لە چوارچێوەی ئەرکی پێسپێردراو، وەکوو کارگێڕ دێنە ئەژمار. وەکوو بەرپرسان و جێگرەکانیان و کارگێڕانی زیندان بە نیسبەت کاروباری زیندانییەکان. یان کارگێڕانی وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپا، یان بەسیجی سپا و هەر وەها کارگێڕانی هێزە چەکدارەکانی دیکە کە لە بابەتی تایبەتدا ئەرکی کارگێڕانی دادگایان پێ دەسپێردرێت.

کارگێڕانی دادگا دەبێ هەموویان خولی پەروەردەیی کارگێڕییان تێپەڕاندبێ و پێناسەی تایبەتی کارگێڕیی دادگایان هەبێت.[٥]

**مافەکانی تۆمەتبار لە تاوانە بیندراوەکان‌دا کە کارگێڕانی دادگا بە بێ فەرمانی دادوەری قۆڵبەستی دەکەن، چیە؟**

**١.** ئەو فەرمانبەرانە هەر لەو شوێنەدا کورتەی ڕووداوەکە دەنووسن و بە واژۆی ئامادەبووان و تۆمەتباری دەگەیەنن و لەگوزارشتێک‌دا ڕەوتی قۆڵبەست‌کردن و ڕادەست‌کردنی تۆمەتبار بۆ کەلانتەری ڕادەگەیەنن. ئەگینا هیچ ناوەندێکی ئەمنی (واتە پاسگەکانی کەلانتەری) مافی ئەوەیان نییە بەبێ ڕاپۆرتی واژۆکراو و گوزارشت و واژۆی فەمانبەری پێوەندیدار، تۆمەتبار ڕادەستی کەلانتەری بکەن. ئەگەر کاری وا بکرێت، هەم فەرمانبەرەکە سەرپێچی کردووە و هەم ناوەندی ئەمنی کە تۆمەتباری بەبێ ڕاپۆرت وەرگرتووە.

**٢.** کارگێڕان بۆیان نییە بە بێ فەرمانی دادستێن یان هەر بەرپرسێکی دادوەری دیکە، تۆمەتبار لە کەلانتەری ڕابگرن. هەر بەم هۆکارە پاش ئەوەی تۆمەتبار ڕادەستی کەلانتەری یان ناوەندی ئینتزامی کرا، دەسبەجێ دۆسیەیەکی بۆ ساز دەکرێت و جۆری تۆمەت و بەڵگەکانی بە شێوەی نووسراو پێ ڕائەگەیەنرێ و پاشان بە خێرایی ڕاپۆرتی ڕووداوەکە دەنێرن بۆ دادستێن بۆ ئەوەی دادستێن کاری بخات بە لایەکدا.[٦]

پاش ئەوەی دادستێن ڕاپۆرتی کەلانتەریی پێ‌گەیشت و لێکی دایەوە، دوو حاڵەت دێتە پێشەوە:

ئ) ڕای دادستێن ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەکان تەواون و پێویست ناکات تۆمەتبار ئیتر لە ناوەندی ئینتزامی وەمێنێ. بەم پێیە بە گوێرەی جۆری تۆمەت و بەڵگەکانی بەردەست، یان فەرمانی بەند کردنی تۆمەتبار دەر دەکات و دەینێرێ بۆ یەکێ لە گرتووخانە فەرمی و قانوونییەکانی ڕێکخراوەی بەندیخانەکان. یان بە بڕیارێکی مسۆگەری سزایی وەکوو کەفیل یان بارمتە ئازادی دەکات.

ب) ڕای دادستێن لە سەر ئەوەیە لێکۆڵینەوەکان کامڵ بکرێن. کە واتە فەرمان دەدات تۆمەتبار لە ناوەندی ئینتزامی لە ژێر چاوەدێری‌دا بێت و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دۆسییەکە لێکۆڵینەوەی پێویست بکرێت. بەم پێیە دەتوانن تەنیا بۆ ماوەی ٢٤ سەعات تۆمەتبار بخەنە ژێر چاوەدێرییەوە؛ واتە ناوەندی ئینتزامی بۆی نییە بە ناوی چاوەدێری کردنی تۆمەتبار یان کامڵ‌کردنی لێکۆڵینەوە، زیاتر لە ٢٤ سەعات تۆمەتبار لە کەلانتەری یان لە ژێر چاوەدێری‌دا ڕابگرێت. پاش تەواوبوونی ٢٤ سەعات مۆڵەتی لە ژێر چاوەدێری‌دا، کەلانتەری ڕاپۆرتێک ئامادە دەکات و تۆمەتبار لەگەڵ

دۆسییەکە بەڕێ دەکات بۆ دادسەرا.

٣. کارگێڕانی دادگا یان مەعمووری هێزی ئینتزامی کە شایەتی ڕووداانی تاوانێکی بیندراون و بەو پێیە تۆمەتبارێک قۆڵبەست دەکەن و ڕادەستی کەلانتەریی دەکەن، مافی ئەوەیان نییە هیچ جۆر لێدان یان بێڕێزییەکی پێبکەن و ئەگەر هەر جۆرە بێڕێزییەک بە تۆمەتبار بکەن یان لێی بدەن تۆمەتبار دەتوانێ سکاڵا لە سەر کارگێڕانی پێوەندیدار تۆمار بکات.

٤. کارگێڕان یان ناوەندە ئینتزامییەکان مافی ئەوەیان نییە بۆ ئازادکردنی تۆمەتبار داوای کەفیل بکەن یان بارمتەوەربگرن.

٥. ئەگەر کارگێڕانی دادگا لە ڕۆژانی پشوو یان شەو یان لە دوای دەوامی فەرمی ئیدارە کەسێک قۆڵبەست بکەن، دەبێ لانی زۆر لە ماوەی سەعاتێکدا ڕاپۆرتی قۆڵبەست کردنی و هۆکارەکەی بە ئاگاداری دادستێن یان "دادوەری کێشک" بگەیەنن. دادستێن یان دادوەری کێشک لە سەریەتی بابەتەکە لێک بداتەوە و باری تۆمەتبار بخات بە بارێکدا.[٧]

٦. هاوکات لەگەڵ ئەوەی تۆمەتبار دەخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە، مافی ئەوەی هەیە پارێزەری جێی بڕوای خۆی هەبێت. کارگێڕەکان بە پێی ئەرکی قانوونیی خۆیان بە شێوەی نووسراو مافە قانوونییەکانی تۆمەتبار (وەکوو مافی داخوازیی قەرەبووی زەرەر و زیان، بەهرەمەندی لە خزمەتگوزاری ڕاوێژکار و مافی بوونی پارێزەر) بە تۆمەتبار ڕادەگەیەنن. تۆمەتبار وەرەقەی ڕاگەیەنراوی مافی قانوونی و مافی بوونی پارێزەر دەخوێنێتەوە و لە ژێرەوە واژۆی دەکات. ڕوونووسێک لەو وەرەقە دەدرێتە تۆمەتبار و بەرگێکی تریشی وەکوو قەبز ئەخرێتە ناو دۆسیەکە. پارێزەری تۆمەتبار بۆی هەیە هەر لە سەرەتای لە ژێر چاوەدێر بوونیەوە و لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا، یارمەتیدەری تۆمەتبار بێت.

٧. لە ناوەندی ئینتزامی یان هەر ناوەندێکی قانوونی کە تۆمەتبار لەوێ چاوەدێری دەکرێت یان دەسبەسەر کراوە، مافی ئەوەی هەیە لە ڕێگای تەلەفوونەوە یان هەر کەرەستەیەکی ڕەخساوی دیکە بە ئاگاداری بنەماڵەی یان خزم و کەسی بگەیەنێت لە لایەن کوێوە دەسبەسەر کراوە و لە کوێ لە ژێر چاوەدێریدایە.

٨. ئەو تۆمەتبارەی لە ژێر چاوەدێریدایە بۆ خۆی یان هەر کام لە کەسوکاری نزیکی مافی ئەوەیان هەیە داوا لە دادستێن بکەن لە لایەن پزیشکێکەوە کە دادستێن دیاریی دەکات پشکنینی پزیشکیی بۆ بکرێت و شەهادەی پزیشکی لە دۆسییەکەیدا تۆمار بکرێت.

پێویست بە ڕوونکردنەوەیە کە هیچکام لە کۆبوونەوە و ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی سەر شەقام، بە هەر ناوێکەوە – ئەگەر لە دژایەتی"اصل ولایت فقیه" یان دژایەتی لەگەڵ بنەمای کۆماری ئیسلامیشدا بێتە ئاراوە - نایاسایی و تاوان نییە. بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا کۆبوونەوەیەک نایاساییە کە بەشداربووان چەکدار بن. کە وابوو هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەران و قۆڵبەست کردن و سازکردنی دۆسیە دژی ئەوان، نە تەنیا تاوان و "تاوانی ئاشکرا" نییە بەڵکوو هێرش بۆ سەر کۆبوونەوەی قانوونی و بەربەست دروست کردن بۆ بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوانە تاوانە و ئەنجامدەرانی ئەو بەربەستە بە گشتی، چ خەڵکی ئاسایی بن یان کارگێڕانی هێزی ئینتزامی و ئاسایش و سوپایی بن بە ڕادەی ئەو کارەی کردوویانە دەبێ بە دوداچوونی تاوانیان بۆ بکرێت. ئەم جۆرە تۆمەتبارانە بۆیان هەیە لە دژی جێبەجێکارانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی قۆڵبەستکردن و دەسبەسەرکردنیان و تەنانەت بەرپرسانی دادوەریش کە نایاسایی تۆمەتیان وەپاڵ داون و تاوانباریان کردوون سکاڵا تۆمار بکەن. شتی وا زۆر ڕووی داوە کە لە کاتی قۆڵبەست-کردنی بەشداربووانی ڕێپێوانەکان، لێیان داون. ئەوانە مافی ئەوەیان هەیە هەر کاتێ توانییان بچنە لای بەرپرسێکی دادوەری، داوا بکەن بیاننێرن بۆ "پزیشکی قانوونی" و بەڵگەی پێویست بۆ سکاڵانامە دژی ئەوانەی لێیان داوە کۆ بکەنەوە.

زۆر باش دەزانین کە ئەم زانیاریە قانوونییانە لە دۆخێکی ئەمنییەتی و کەشێکی پڕ لە سام و ترسدا کە لە لایەن کارگێڕان و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە لەو هەلومەرجەدا دەخولقێ، تەنیا کارێکی فانتێزی و ڕووکەشە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم شتانە یاسا و ڕێسان و دەبێ جێبەجێ بکرێن بەڵام دەسەڵاتداران خۆی لێ دەبوێرن.

## مافی تۆمەتبار لە تاوانە نەبیندراوەکاندا چییە؟

### ئ) بانگێشتی تۆمەتبار بۆ ناوەندی دادوەری

لە تاوانی نەبیندراودا کە دۆسییە لە دادسەرا دێتە گۆڕێ و دەدرێتە یەکێ لە لقەکانی بازپورسی، تۆمەتبار سەرەتا بە وەرگرتنی بانگێشتنامەیەک لە ڕەوتی دۆسییەکەی ئاگادار دەکرێت. لە بانگێشتنامەکەدا کە ناو و شۆرەتی ئەو کەسەی لە سەر نووسراوە، پێی ڕادەگەیەنرێت کە دەبێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەکوو تۆمەتبار خۆی بە بازپورسی بناسێنێت و وڵامی پرسیارەکانی لێکۆڵەر بداتەوە. لە بانگێشتنامەکەدا بە ڕوونی ئاماژە دەکات کە مافی ئەوەی هەیە لە قۆناخەکانی لێپرسینەوەدا لە بازپورسی یان دادیاری پارێزەری لەگەڵ

بێت. هەر وەها لە بانگێشت-نامەکەدا ئەوەش دەنووسرێ کە ئەگەر تۆمەتبار لە کاتی دیاری-کراودا و بە بێ هیچ بیانوویەک خۆی نەناسێنێ، قۆڵبەست دەکرێت. واتە ئەگەر تۆمەتبار لە دوایین ڕۆژی مۆڵەتی دیاریکراو لە بانگێشتنامەکەدا، خۆی بە بازپورسی نەناسێنێ و بیانوویەکی پاساوهەڵگریشی وەکوو نەخۆشی یان هەر هۆکارێکی دیکەی نەبێ، بازپورس دەتوانێ فەرمانی قۆڵبەستکردنی دەر بکات. ئەو ماوەی لە بانگێشتنامەکەدا بۆ ئامادەبوونی تۆمەتبار لە بازپورسی یان دادیاری دیاری دەکرێت نابێ لە ٥ ڕۆژ کەمتر بێت. واتە بازپورس یان دادیار بۆی نییە تۆمەتبار بانگێشتی بازپورسی یان دادیاری بکات و بۆ وێنە بنووسێ "لە ماوەی یەک دوو ڕۆژی داهاتوودا خۆت بە بازپورسی یان دادیاری بناسێنە" یان بنووسێت" هاوکات لەگەڵ ئەوەی بانگێشتنامەکەت پێ گەیشت لەگەڵ کارگێڕی پێوەندیدار خۆت بە بازپورسی یان دادیاری بناسێنە." ناوەرۆکی بانگێشتنامەی لەم جۆرە وەکوو بەرگی قۆڵبەست کردن وایە، گەرچی ناوەڕۆکەکەی بانگێشتنامە بێت. لە بەر ئەوەی یەکێ لە هۆکارەکانی ناردنی بانگێشتنامە ئەوەیە کە دەرفەت بدرێتە تۆمەتبار بۆ ئەوەی بە ویست و ئیرادەی خۆی لە مەودایەکی کاتیی گونجاودا کە دیاری کراوە، خۆی بە بازپورسی بناسێنێ و ئەگەر مەبەستی ڕاوێژی قانوونیی هەیە بتوانێ لەم مەودا کاتییەدا بچێت بۆ لای پارێزەر و ڕاوێژی لەگەڵ بکات یان پێش ئامادەبوونی لە بازپورسی گرێبەستی بریکاری لەگەڵدا ببەستێ.[٨]

کارگێڕی ڕاگەیاندن مافی ئەوەی نییە داوا لە تۆمەتبار بکات کاتی ئامادەبوونی لە بازپورسی لە بەرگی یەکەمی بانگێشتنامەکەدا – کە دەیهێننەوە بۆ بازپورسی – ڕابگەیەنێت و تۆمەتباریش وەها ئەرکێکی لە سەر شان نییە.

دەکرێ بۆ بانگێشتی تۆمەتبار لە جارەکانی دواتردا لە ڕێگای سیستەمی کامپیوتێری و مخابراتی وەکوو ئیمەیل و پێوەندی ویدیۆیی و و تەلەفوون کەڵک وەربگیردرێت.[٩]

## ب) بانگێشت کردن یان قۆڵبەست کردنی تۆمەتبار

### تۆمەتبار لە چ بارودۆخێکدا بانگێشت دەکرێت؟

قۆڵبەستکردن و بانگێشتی تۆمەتبار تەنیا بە بڕیاری تایبەتی دادوەری دێتە ئەنجام و بەرپرسی دادوەریش لە دەرکردنی بڕیاری بانگێشت یان قۆڵبەستکردنی تۆمەتباردا سەربەست نییە، بەڵکوو بۆ دەرکردنی بڕیاری "بەرگەی بانگێشت" یان قۆڵبەست کردنی تۆمەتبار پابەندی هەندێ دەستووورە کە قانوون¬دانەر بۆ دەرکردنی لە بەرچاوی گرتووە. بۆ وێنە دادوەر بۆی نییە بە بێ

بەڵگەی پێویست تەنانەت تۆمەتبارێکیش بانگێشت بکات، چ جای ئەوەی قۆڵبەستی بکات. بەم پێیە لە تاوانە نەبیندراوەکاندا، بانگێشت و قۆڵبەست و دەسبەسەرکردنی تۆمەتبار بە بێ "بڕیاری تایبەتی بەرپرسی دادوەری" و بە بێ بەڵگەی پێویست، پێچەوانەی قانوونە و دەکرێ لە دژی بەرپرسی دادوەری سکاڵا تۆمار بکرێت لە بەر ئەوەی ڕێسا قانوونیەکانی ڕەچاو نەکردووە.

ئەو دۆسییانەی لە دادسەرا دێنە ئاراوە یان لە سەر بنەمای ڕاپۆرتی کارگێڕانی دادگان، یان بە سکاڵای سکاڵابەری تایبەتی وەگەڕ کەوتوون. پاش ئەوەی دۆسیەیەک لە دادسەرادا گەڵاڵە کرا و بۆ لێکۆڵینەوە نێردرا بۆ لقێکی بازپورسی یان دادیاری یان دادگا، لێکۆڵەر یان دادیار یان دادوەری پێوەندیدار بەڵگەکانی سکاڵاکە لێک دەداتەوە و ئەگەر بەو ئەنجامە بگات کە ئەو بەڵگانەی لە دۆسییەکەدا هەن بۆ گەڵاڵەی سکاڵا و دانی تۆمەت لە تۆمەتبار تەواون، لە ڕێی بانگێشتنامەیەکەوە تۆمەتبار بانگێشتی دادسەرا یان دادگا دەکات و ئەگەر تۆمەتبار لە کاتی دیاریکراودا لە بازپورسی ئامادە نەبێت، بڕیاری قۆڵبەستکردنی دەردەچێت. بەم پێیە یەکێ لەو بابەتانەی قانوونی دەرکردنی بەرگەی قۆڵبەست پەسند دەکات، ئامادەنەبوون لە ناوەندی دادوەری لە کاتی دیاریکراوی بانگێشتنامەکە و نەبوونی بیانوویەکی پاساوهەڵگرە.

**شرۆڤە:** ئەگەر تۆمەتبار بە هۆی بیانوویەکی پاساوهەڵگرەوە وەکوو نەخۆشینی قورس یان مردنی کەس و کاریەوە سەرەڕای ڕاگەیاندنی بانگهێشتنامە نەتوانێ لەوێ ئامادە بێت لەم دۆخەدا دادوەر مافی ئەوەی نییە تۆمەتبار قۆڵبەست بکات.

لە هەندێ بابەتدا لێکۆڵەر یان دادوەری دۆسیە دەتوانێ بە بێ ئەوەی تۆمەتبار بانگێشتی بازپورسی بکات، فەرمانی قۆڵبەست-کردنی دەر بکات.

◎ **نموونە:** هیوا شکات لە کرێنشینەکەی دەکات و تێیدا دەڵێ ئەو ئاپارتمانەی پێیداوەتە کرێ کردوویەتە ناوەندی خراپەکاری و بۆ سەلماندنی ئیدعاکەشی بەڵگەی پێویست دەخاتە ڕوو و مەترسی ڕاکردنی تۆمەتباریش لەئارادایە. لەم دۆخەدا ئەگەر دادوەر فەرمانی گرتنی بدات دەبێ هەر لەو وەرەقەی دەسبەسەرکردنەیدا بە ڕوونی ناو و نیشان و تایبەتمەندییەکانی دیکەی تۆمەتبار تۆمار بکرێت بۆ ئەوەی بە هەڵە کەسی دیکە قۆڵبەست نەکرێت. دادوەر مافی ئەوەی نییە لەو وەرەقەدا ئەوە بنووسێ کە هەرکەسێک ئەو ماڵەی کردووە بە ناوەندی خراپەکاری دەسبەسەر بکرێت. وەرەقەی فەرمانی قۆڵبەستکردنی لەو جۆرە پێگەی قانوونیی نییە. چونکوو دژی حوکمی

قانووندانەرە..

تێبینی: **دادستێن یان هیچ بەرپرسێکی دادوەری مافی ئەوەی نییە لە بانگێشتنامەکەدا بنووسێت "هەر کەسێک لە خۆپیشاندان یان بشێوی و ئاڵۆزی دا بەشداریی کردووە" بانگێشت و دەسبەسەر بکرێت. دەرکردنی بانگێشتنامەی لەم جۆرە پێچەوانەی یاسایە و متمانەی قانوونیی نییە.**

## مافی تۆمەتبار لە کاتی قۆڵبەستکردندا

### ئەو کارگێڕەی تۆمەتبار قۆڵبەست دەکات دەبێ چ ڕێ و شوێن و ڕێسایەک لە بەرچاو بگرێت؟

قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار بە گشتی و لە دۆخی ئاساییدا، لە لایەن کارگێڕانی دادگاوە دێتە ئاراوە. بە گشتی بڕیاری قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار لەکاتێکدا دەر دەچێت کە تۆمەتبار، لە کاتی دیاریکراوی بانگێشتنامەکەدا و بە بێ بیانوویەکی پاساوهەڵگر لە ناوەندی دادوەریدا ئامادە نەبووبێ. بەڵام قانوون لە هەندێ شوێنیشدا ئیزنی ئەوەی داوە کە تۆمەتبار دەسبەجێ (واتە پێش دەرکردن و ڕاگەیاندنی بانگێشتنامە) قۆڵبەست بکرێت.

**بەم پێیە قانووندانەر سەبارەت بە قۆڵبەستکردنی تۆمەتباریش هەندێ مافی ڕەچاو کردووە کە بریتین لە:**

**١.** تۆمەتبار دەبێ لە ڕۆژدا قۆڵبەست بکرێ مەگەر ئەوەی دادوەر پێی وابێ دۆخ یان حاڵەتێکی دەزبەجێی هەیە. لەم حاڵەتەدا کە دادوەر وەرەقەی قۆڵبەستکردن دەرئەکا دەبێ هۆکارەکانی دەزبەجێی و پێویستبوونی قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار لە شەودا، لە ڕاپۆرتێکی واژۆکراودا ڕابگەیەنێ.

**٢.** فەرمانبەران لە کاتی قۆڵبەستکردندا مافی ئەوەیان نییە بچنە ناو ماڵ یان شوێنی کاری تۆمەتبار، مەگەر لە وەرەقەی قۆڵبەست-کردنەکەدا فەرمانی چوونە ژوور کە بە نهێنگە ناوبردەی دەکەن، دەرکرابێ.[١٠]

٣. وەرەقەی قۆڵبەستکردن کاتێ دەرئەچێ کە پێشتر بانگهێشتنامەیەک بۆ تۆمەتبار نێردرابێت و سەرەڕای ئەوەی تۆمەتبار ئاگاداری بانگهێشتنامەکە بووبێ و هیچ بیانوویەکی

پاساوهەڵگری بۆ نەچوونەکەی بە دەستەوە نەبێ کە خۆی بە ناوەندی لێپرسینەوە یان دادگا نەناساندووە. کارگێڕی دادگا بە نیشاندانی بەرگەی قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار داوای لێ دەکات لەگەڵیا بچێت بۆ ناوەندی دادوەری یان بۆ لای لێکۆڵەر. ئەگەر تۆمەتبار خۆی نەدات بە دەستەوە و لەگەڵیا نەڕوات کارگێڕ قۆڵبەستی دەکات و وێڕای چاوەدێری کردن دەیبات بۆ لای لێکۆڵەر. تۆمەتبار دەبێ لە ڕۆژدا قۆڵبەست بکرێت و لێکۆڵەر دەبێ هەر لەو ڕۆژەدا کە کارگێڕەکان تۆمەتباریان هێناوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوە، چارەنووسی دیاری بکەن. مەبەست لەوەی کە "دەبێ چارەنووسی تۆمەتبار دیاری بکرێت" ئەوەیە کە جۆری تاوان و بەڵگەکانی بە تۆمەتبار ڕابگەیەنرێ، پاشان بەڵێن بدرێت بۆ ئازادی بێمەرج و شەرتی، یان بڕیاری تەئمینی بۆ دەربکات.

٤. کارگێڕەکان دەبێ دوای قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار، دەسبەجێ بیبەن بۆ لای لێکۆڵەر یان دادیار و ئەگەر ڕادەستکردنی تۆمەتبار بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوە یا دادیاری وە درەنگ بکەوێت دەبێ هۆکاری وەدرەنگ کەوتن و ئەو ماوەی تۆمەتباریان لای خۆیان گل داوەتەوە لە دۆسییەکەدا بینووسن. ئەوان مافی ئەوەیان نییە بە بێ فەرمانی لێکۆڵەر یان ناوەندی دادوەری، تۆمەتبار لای خۆیان گل بدەنەوە. ئەگەر بە هەر هۆکارێک بە خێرایی ئەگەری دەسڕاگەیشتنیان بە لێکۆڵەر یان دادیاری نەبوو، دەبێ لە یەکەم دەرفەتی کاتی ئیداریدا بیبەن بۆ لای لێکۆڵەر یان دادیار. کاتی قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار تا ڕادەستکردنی بە لێکۆڵەر یان دادیار نابێ لە ٢٤ سەعات زیاتر بێت.[١١]

## ریزپەڕەکانی دۆخی گشتی بەرگەی قۆڵبەستکردن

### لە چ دۆخێکدا لێکۆڵەر دەتوانێت لە شەودا فەرمانی قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار دەربکات؟

لە هەندێ بارودۆخدا لەوانەیە تۆمەتبار لە شەودا قۆڵبەست بکرێت. بەم پێیە ئەگەر لێکۆڵەر یان دادوەر بە پێویستی بزانێت کە لە شەودا تۆمەتبارێک قۆڵبەست بکرێت، دەبێ هۆکاری پێویستبوونی قۆڵبەستکردنی تۆمەتبار لە شەودا لە دۆسیەکەدا تۆمار بکرێت. بابەتی پێویست بوون پێوەندی بە: گرینگیی تاوان و دۆخی تۆمەتبار و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوان و ئەگەری هەڵاتنی تۆمەتبارەوە هەیە.

◎ **نموونە:** کەسێک تۆمەتبار بووە بە چەند جار دەسبڕی لە چەند کەسەوە و بەڵگەی پێویست بۆ بانگێشتکردن یان قۆڵبەست کردنی لە بەر دەستدایە. هەڵبەت سکاڵابەرەکان هەموویان لە سکاڵاکەیاندا ئەوەیان نووسیوە کە شوێنی کاری تایبەتی نییە و تەنیا شوێنی ژیانی تۆمەتباریان تۆمار کردووە؛ بەڵام بە ڕۆژدا لە دەرەوەیە و شەوانە لە ماڵەوە و لە لای ماڵباتەکەیەتی. لێکۆڵەر یان دادیار دەبێ سەرەتا لێکۆڵینەوەی پێویست لە سکاڵابەرەکان بکات و پاش ئەوەی دڵنیا بوو قسەکەیان ڕاستە، دەتوانێ فەرمان دەر بکات لە شەودا قۆڵبەستی بکەن و بیبەن بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوە.

**لە چ بارودۆخێکدا لێکۆڵەر دەتوانێ بە بێ ئەوەی تۆمەتبار بانگێشت بکات، فەرمانی قۆڵبەستکردنی دەر بکات؟**

لەوانەیە تۆمەتبار بێ ڕێ و شوێن بێت. لە بابەتی لەم جۆرەدا لێکۆڵەر دەبێ سەرەتا بۆ پەیداکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون و شوێنی خەوتن یان شوێنی کارەکەی لێکۆڵینەوەی پێویست بکات، ئەگەر ئەنجامێکی دەست نەکەوت، دەتوانێ وەرەقەی قۆڵبەستکردنی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەر بکات و بیداتە دەست سکاڵابەر یان کارگێڕی دادگا، بۆ ئەوەی هەر کاتێک و لە هەر کوێ بیبیننەوە، قۆڵبەستی بکەن و بیبەن بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوە.

◎ **نموونە:** سکاڵا لە دژی نیشتمان تۆمار کراوە کە وەکوو کارگێڕی گشتی شەریکەیەکی بازرگانی، چەند دانە چەکی بێپشتیوانی دەرهێناوە بە بێ ئەوەی لە مۆری شیرکەت کەڵکی وەر گرتبێ. لە لایەکی دیکەوە، وازی لە پلەی کارگێڕی گشتی هێناوە و لە کارکردن لەو شەریکە دەستی کێشاوەتەوە. سکاڵابەر تەنیا ناو و نیشانێک لێی هەیەتی ئەو شوێنەیە کە لای بانک هەیە. بەڵام سکاڵابەر چەند جارێک کە سەردانی ئەو ناو و نیشانەی کردووە پێیان کوتووە نیشتمان لێرە گوێستوویەتەوە. بەم پێیە لێکۆڵەر دەتوانێ وەرەقەی قۆڵبەست کردنی تاوانبار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەر بکات و بیداتە دەست سکاڵابەر[١٢]

## مافی تۆمەتبار پاش بانگێشتکردن یان قوڵبەست کردن

**مافەکانی تۆمەتبار پاش بانگێشتکردن بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوە یان قۆڵبەستکردن چیە؟**

لە تاوانی نەبیندراودا کە تاوانبار بە بڕیاری تایبەتی ناوەندی دادوەری بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوە یان دادیاری بانگێشت دەکرێت یان قۆڵبەست دەکرێت، هەموو قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە دەبێ لە لایەن خودی لێکۆڵەرەوە ئەنجام بدرێت. لێکۆڵەر دەبێ تەواو بێ-لایەن بێت. نابێ لە ئاستێکدا خۆی ببینێت لەو لێکۆڵینەوانەی دەیکاتن بە دوای ئاشکراکردنی تاوانباربوونی تۆمەتبارەوە بێت، بەڵکوو لێکۆڵەر دەبێ بە دوای ئاشکرابوونی ڕاستییەکانەوە بێت، جا چ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بێتاوانی تۆمەتبار بێت یان تاوانبار بوونی.

لێکۆڵەر دەتوانێ لە هەندێ بابەتی تاواندا، جێبەجێکردنی بەشێک لە لێکۆڵینەوەکان بسپێرێتە کارگێڕەکان. کە وابوو دەبێ خۆی چۆنیەتی جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەکان لە لایەن کارگێڕەکانەوە چاودێری بکات.

## ێ) تێگەیاندنی تاوان و هۆکارەکانی

ئەو شتەی دەبێ لە یەکەم هەنگاودا لە لایەن کارگێڕی خانەی داد لە بەرچاو بگیردرێ ئەوەیە کە دەسبەجێ بابەتی تاوان بە شێوەی نووسراو و بە بەڵگەوە بە تۆمەتبار ڕابگەیەندرێ.[١٣]
کە واتە یەکێ لە گرینگترین مافەکانی هەر تۆمەتبارێک (تەنانەت ئەو تۆمەتبارەش کە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکادا و بە بەرچاوی فەرمانبەرانەوە قۆڵبەست کراوە) ئەوەیە کە دەسبەجێ و بە شێوەی نووسراو، جۆری تاوان و بەڵگە و هۆکارەکانی پێ ڕابگەیەندرێ. واتە کەسی دەسگیرکراو یان تۆمەتبار دەبێ هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەوە بێ کە بە چ هۆیەک و بە چ تاوانێک تۆمەتبار کراوە. هەر بۆیە یەکێ لە گرینگترین مافەکانی تۆمەتبار، تێگەیاندنی تاوان و هۆکارەکانیەتی بە شێوەی نووسراو، تا بە ئاگاداری جۆری تاوانەکەی و هۆکارەکانی بەرگری لە خۆی بکات.

◎ **نموونە:** ئەگەر کەسێک لە ڕێکەوتی ٦٧/٦/٩ لە ماڵی کەسێکی دیکەدا کوژرابێ و کەرەستەی کوشتن چەکی خاوەن ماڵەکە بێت و خاوەن چەک دەسگیر بکەن و تێی بگەیەنن: بە کوشتن تاوانباری. بەڵگەش ئەوەیە: ١-تەرمەکە لە ماڵی تۆدا دۆزراوەتەوە ٢-ئەو کەرەستەی ئەو کەسەی پێ کوژراوە چەکەکەی تۆیە.

ئێستە ئەگەر تۆمەتبار لەو ڕێکەوتەدا لە سەفەر بووبێ و بەڵگەیشی بە دەستەوە بێ، بۆ نموونە لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی بووە یان قەبزی مانەوەی لە هوتێلێکدا پێیە و چەند کەسیش هەن کە شایەتی بدەن ئەویان لە ڕۆژ و کاتی ڕوودانی کوشتنەکەدا لەو

شارە یان لەو هوتێلەدا دیوە؛ کاتێ لە تاوانەکەی و بەڵگەکانی تاوانەکەی ئاگادار کرا، دەتوانێ بە خستنە ڕووی بەڵگە بیسەلمێنێ کە لە کاتی ڕوودانی کوشتنەکەدا لە ماڵەوە هیچ، لەو شارەش نەبووە کە کوشتنەکە ڕووی داوە. لێرەدا لانیکەم ڕوون دەبێتەوە کە لە چەکی کەسێکی دیکە کەڵکی وەرگرتووە و دەبێ بەدوای بکوژی واقعیدا بگەڕێن. بەم جۆرە بە ڕەچاو کردنی ئەو ڕێ و شوێنە قانوونیانەی پێشتر باسمان کرد کەسێکی بێتاوان نابێتە قوربانی و کەسانی بێتاوان هەلی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێ لە خۆیان بەرگری بکەن

تێبینی: مەبەست لە "تێگەیاندنی تاوان" ئەوە نییە کە بۆ وێنە بە تۆمەتبار بوترێ "تۆ تاوانباری بە ئەنجامدانی فلان تاوان". بەڵکوو دەبێ بە ڕوونی پێی بڵێین چ کارێکی ئەنجام داوە و کارەکەی سەلمێنەری کام مادەی قانوونە وا بە تاوان ناسراوە و سزایەکی دیاریکراوی هەیە.

## ب) مافی کەڵک وەرگرتن لە پارێزەر

**ئایا تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە تا ئەو کاتەی پارێزەرەکەی ئامادە نەبێت وڵامی پرسیارەکانی لێپرسینەوە نەداتەوە؟**

هەر بەوجۆرەی قانووندانەر ئیزنی ئەوەی داوە لە کاتی مەترسی گیانی یان ماڵیدا هەموو کەسێ بتوانێ بە ڕەچاو کردنی بارودۆخی قانوونی بەرگری لە خۆی بکات و مەترسی لە خۆی دوور بخاتەوە؛ لە واقیعدا ڕێگای بەرگری مەرجداری پێداوە: لە کاروباری قانوونیشدا ئەگەر هێرش بکرێتە سەر کەسێک (واتا سکاڵایەکی سزایی یان قانوونی لە دژی بێتە ئاراوە) مافی ئەوەی هەیە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێکارە شیاوە قانوونیەکان بەرگری لە مافی خۆی بکات. بە واتایەکی تر چونکوو بەم پێیە هێرشی ئەنجامدراو بۆ سەر وەها کەسێک (وەکوو تۆمەتلێدان) بە ڕەچاوکردنی ڕێکارە قانوونیەکان جێبەجێ دەکرێت. بە گشتی خەڵکانی ناشارەزا لە بواری قانووندا زانیارییان لە پرسە قانوونیەکان و پێچ و پەنای مافەکانی خۆیان نییە. دەبێ کەسێک بابەتی بەرگری لە ئەستۆ بگرێ کە شارەزایی لە بابەتە قانوونیەکاندا هەبێ و لە قانوونی وڵاتدا پسپۆڕ بێت بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگرییەکی شیاوی هێرشەکە (واتە تۆمەتلێدان) بکات.

واتە هەڵبژاردنی پارێزەر لە ڕاستیدا بۆ دەستەبەرکردنی مافی بەرگریکردنە، کە لە مافە سەرەتاییەکانی هەر هاووڵاتییەکی ئێرانییە و تەنیا پارێزەر دەتوانێ وەها مافێک بە باشترین شێوە دەستەبەر بکات. هەر بۆیە ئێستا کە لە زۆربەی سیستمە قانوونییە مۆدێرنەکانی جیهاندا بوونی

پارێزەر لە هەموو قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە مافی بنەڕەتی هەر تاکێکە. لە قانوونی بنەماکانی دادپرسینی وڵاتی ئێرانیشدا وەها مافێک بۆ لایەنەکانی کێشە و ناکۆکی ڕەچاو کراوە و بەرپرسان و ئەو کەسانەی پێوەندییان بە تۆمەتبارەوە هەیە لە سەریانە پێش دەسپێکی لێکۆڵینەوە، بە تۆمەتبار ڕاگەیەنن و تێی گەیەنن کە مافی ئەوەی هەیە پارێزەرێکی دادگا لەگەڵ خۆی بێنێ. لێکۆڵەر دەبێ ئەم مافە لە بەرگەی بانگێشتدا بە تۆمەتبار ڕابگەیەنێت. هەر پلە و پایەیەکی دادوەری ئەگەر تۆمەتبار لەم مافە تێنەگەیەنێت و پێی ڕانەگەیەنێت یان بەر بە بوونی پارێزەری تۆمەتبار لە لێکۆڵینەوەکاندا بگرێت، لە بواری چاودێرییەوە سەرپێچی کردووە و تۆمەتبار یان پارێزەرەکەی بۆیان هەیە سکاڵای لە سەر تۆمار بکەن. لە "قانوونی پاراستنی مافی هاووڵاتیدا" دادسەرا لە سەریەتی ئەگەر تۆمەتبارێک پارێزەری نەبێ و داوای پارێزەر بکات، بواری کەڵک وەرگرتنی لە پارێزەر بۆ بڕەخسێنێ.[١٤]

لە تاوانی گرینگدا کە سزاکەی لێساندنەوەی ژیانە(وەکوو لە سێدارەدان، تۆڵە سزا یان زیندانی تاهەتاتی)، لێکۆڵەر لە سەریەتی کە ئەگەر تۆمەتبارێک پارێزەری نەبێت یان نەیەوێ پارێزەری ببێت، "پارێزەری سەپاو"ی بۆ دیاری بکات. هەر چەندە لەم جۆرە تاوانانەدا و لە تاوانی سیاسیدا، تۆمەتبار لە قۆناخی لێکۆڵینەوەدا تەنیا بۆی هەیە لە "پارێزەرانی جێی متمانەی بەرپرسی دەسەڵاتی داد" پارێزەر بۆ خۆی دیاری بکات. سەپاندنی پارێزەری جێی متمانەی بەرپرسی دەسەڵاتی داد بە سەر تۆمەتباردا و لە قۆناخی لێکۆڵینەوەدا، پێشێل‌کردنی مافی بەرگری ئەوە.

## پ) پێشگرتن لە هەڕەشە و ئەشکەنجەی تۆمەتبار

سەبارەت بەم بڕگە دوو پرسیار دێتە ئاراوە:

١. ئایا بەرپرسی دادوەری یان ئەو کەسەی بە فەرمانی بەرپرسی دادوەری لێکۆڵینەوە دەکات مافی ئەوەی هەیە هەر پرسیارێک خۆی بە پێویستی بزانێ، بیپرسێت؟

٢. ئایا بەرپرسی دادوەری یان ئەو کەسەی بە فەرمانی بەرپرسی دادوەری لێکۆڵینەوە دەکات مافی ئەوەی هەیە هەر جۆرێ خۆی بە پێویستی بزانێ وڵامی پرسیارەکان لە تۆمەتبار وەربگرێت؟

لە وڵامی ئەو پرسیارانەدا دەبێ بڵێین: یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی ناوەندی لێکۆڵینەوە و دادوەران دەبێ لە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەدا ئاوڕی لێبدەنەوە بۆ ئەوەی تۆمەتبار بتوانێ لە ئەوپەڕی ئازادی ویست و ئیرادەدا وڵامی پرسیارەکان بداتەوە و دادسەرا یان دادگا بەرەو ڕاستییەکان ڕێنوێنی بکات ئەوەیە کە:

ناوەندی لێکۆڵینەوە یان دادوەر لەژێر هیچ ناوێکدا و لە هیچ هەل و مەرجێکدا بۆی نییە هەر جۆرە پرسیارێک کە بە ڕای خۆی پێویستە بیهێنێتە ئاراوە، بەڵکوو ئەو پرسیارانەی لە تۆمەتبار دەکرێن دەبێ: پێوەندی لەگەڵ بابەتی تاوانەکەدا هەبێت واتە دادوەر بۆی نییە پرسیاری ناپێوەندیدار بە بابەتی تۆمەتەکە لە تۆمەتبار بپرسێت. مەبەست لە پرسیاری ناپێوەندیدار لەگەڵ بابەتی تاواندا، ئەو پرسیارانەن کە وڵامەکەیان هیچ کاریگەرییەکی لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و تاوانەکەدا نییە.

◎ **بۆ نموونە:** لە دۆسیەیەکدا کە بابەتەکە دزییە، سەبارەت بە ئارەقخواردنەوە پرسیار و لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار بکرێت.

◆ ناوەندی لێکۆڵینەوە یان دادوەر مافی ئەوەی نییە سەبارەت بە "ڕابردووی" تاوانبار و پرسە تایبەتەکانی ژیانی پرسیار بکات، چونکوو هیچ پێوەندییەکی بە بابەتی تاوانەکەوە نییە.

پرسیارگەلێک وەک ئەوەی لە تۆمەتبارێک بپرسن ئایا لە ساڵانی پێشوودا لە وڵات چوویە دەرەوە یان نا؟ یان بپرسێت ئایا تا ئێستا پێوەندی ناشەرعیت بووە یان نا؟ ئەم جۆرە پرسیارانە پرسیارگەلێکی بێکەڵک و ناپێوەندیدارن لەگەڵ بابەتی تاوانەکەدا، کە وڵامەکانیان هیچ کاریگەرییەکی لە سەر دادوەر نابێت تا حەقیقەتی بۆ ڕوون بێتەوە.

◆ ناوەندی دادوەری یان دادوەر بۆی نییە بە جۆرێک لە تۆمەتبار پرسیار و لێکۆڵینەوە بکات کە لە واقیعدا وڵامەکەی بە تۆمەتبار تەڵقین بکات.

◎ **بۆ نموونە:** تۆمەتبار کە لە بنەڕەتەوە حاشا لە دزی دەکات، بپرسێت ئەو شتەی دزیوتە بە کێت فرۆشتووە؟ ئەم جۆرە پرسیارە تەڵقینییە و قانووندانەر هێنانە ئارای ئەم جۆرە پرسیارانەی قەدەغە کردووە.

◆ دادوەر یان بەرپرسی لێکۆڵینەوە مافی ئەوەی نییە تۆمەتبار هەڵخڵەتێنێ و بە فێڵ ناچاری بکات وڵام بداتەوە.

بۆ نموونە بە تۆمەتبار بڵێ: ئەگەر وڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە و تاوانەکە قەبووڵ بکەی، سزاکەت لەسەر سووک ئەکەم یان ئەگەر تاوانەکە قەبووڵ بکەی کۆتایی بە دۆسیەکەت دێنم و ئازاد دەبیت. یان ئەوەی کە بە تۆمەتبار دەڵێن "ئەگەر لەبەردەم کامێرادا دیان بنێی بە هەموو ئەم تاوانانەدا کە پێی تۆمەتبار کراوی ئازاد دەبیت." لەم بابەتانە بینراوە کە تۆمەتبار بەم وادە و بەڵێنانەی لێکۆڵەر، لە بەر کامێرای تەلەفزیۆندا دانیشتووە و فەرمانی لێکۆڵەری بەڕێوە بردووە و پاشان هەر بەو تاوانانە، سزایەکەی زۆر قورسی بە سەردا سەپاوە. تەنانەت بابەتی وا بووە کە کەسێکی بێ تاوان

تەنیا لە بەر دانپیانان دژی خۆی، لە سێدارە دراوە.

تێبینی: دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە دانپیانانی تۆمەتبار، کاتێ بۆ لێکۆڵەران یان بەرپرسانی دادوەری کەڵکی دەبێت کە لە دۆسیەکەدا هیچ بەڵگەیەکی دیکە بۆ سەلماندنی تاوانی تۆمەتبار نەبێت و بیانهەوێ بە پەنا بردنە دانپیانان، مەحکوومی بکەن.

دادوەر یان بەرپرسی دادوەری مافی ئەوەی نییە سەبارەت بە بیر و باوەڕ و بۆچوونی تۆمەتبار پرسیار بکات، چونکوو ئەم جۆرە پرسیارانە دەچنە خانووی پشکنینی بیر و باوەڕەوە. پشکنینی باوەڕەکان و هێنانە ئارایان قەدەغە کراوە.

بۆ نموونە لە تۆمەتبار پرسیار بکەن: ڕات سەبارەت بە فڵان دەسەڵاتداری وڵات چییە؟ یان ئایا لە نوێژی جومعەدا بەشداری دەکەیت؟ سەر بە چ ئایینزایەکی؟ و لەم جۆرە پرسیارانە کە باری پشکنینی بیروباوەڕیان تێدایە.

## ئایا دادوەر یان بەرپرسی لێکۆڵینەوە مافی ئەوەی هەیە لە هەر ڕێگایەکەوە بە پێویستی بزانێت بە حەقیقەت بگات؟

پێویستە وەبیری بێنینەوە کە هەر جۆرە هەڕەشە یان ئەشکەنجەی تۆمەتبار و ناچارکردنی بە وڵامدانەوە قەدەغەیە و دادوەر یان ئەو کەسەی بە فەرمانی دادوەر لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار دەکات بۆی نییە لە هەر ڕێگایەکەوە بە باشی بزانێ وڵامی پرسیارەکانی وەربگرێت. بە واتایەکی تر و بە وتەی مافناسەکان "دەست خستنی بەڵگە بەشێوەی نایاسایی قەدەغەیە." لەبەر ئەوەی هەڕەشە، ئەشکەنجە، ناچارکردن و هەڵخەڵەتاندنی تۆمەتبار بۆ وڵامدانەوە و هێنانە ئارای پرسیاری تەڵقینی یان هێنانە ئارای ئەو پرسیارانەی بێکەڵکن و هیچ پێوەندییەکیان بە بابەتی تاوانەکەوە نییە، بە پێی قانوون قەدەغە کراون و هێنانە بەر باسیان نایاساییە. کە واتە "ئەو لێکۆڵینەوانەی بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە ئەنجام بدرێن جێی متمانە نین" و دادوەر ناتوانێ لە کاتی دەرکردنی بڕیاردا پشتیان پێ ببەستێ. ئەگەر بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە بڕیار دەر بکرێت لە قۆناغەکانی پێداچوونەوە و لە ناوەندەکانی سەرتردا دەکرێ هەڵوەشێتەوە.[١٥]

## ت) ڕەچاوکردنی مافی بێدەنگبوون

**ئایا تۆمەتبار دەتوانێ وڵامی ئەو پرسیارانە نەداتەوە کە لە کاتی لێپرسینەوە یان لێکۆڵینەوە یان دادگا، لێیدەکرێن؟ بە واتایەکی تر ئایا تۆمەتبار دەتوانێ خۆی لە وڵامی پرسیارەکان بدزێتەوە؟**

وڵام: یەکێ لە مافە سەرەکییەکانی تۆمەتبار لە بارودۆخی وەهادا "مافی بێدەنگبوون"ـە. واتە تۆمەتبار دەتوانێ وڵامی پرسیارەکان نەداتەوە و بێدەنگ بێت. لەم جۆرە بابەتانەدا ناوەندی دادوەری مافی ئەوەی نییە بە زۆرەملی وڵامی لێ وەربگرێ. بەڵکوو لەسەریەتی بێدەنگی تۆمەتبار گوزارشت بکات و بۆ دەرکەوتنی حەقیقەت لە بەڵگەکانی دیکە لێکۆڵینەوە بکات.[١٦]

## ج) ڕەچاوکردنی حورمەت و کەرامەتی کەسی دەسبەسەرکراو

**ئایا پشکێنەر دەتوانێ تۆمەتبار بخاتە ژێر گوشارەوە؟**

نا! بە کارهێنانی هەر جۆرە ئەشکەنجەیەک لە کاتی لێکۆڵینەوەدا قەدەغەیە. ڕاگرتنی تۆمەتبار لە ژووری تاکەکەسیدا و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی لە ژێر گوشار و دۆخی نایاساییدا وەکوو لێپرسینەوە بە چاو و دەست و پێی بەستراوەوە یان لێپرسینەوە لە شەودا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بە جۆرێک کە ڕێگا لە خەوتنی تۆمەتبار بگرێت، و کەڵک-وەرگرتن لە جنێو لە کاتی لێکۆڵینەوەدا "ئەشکەنجە" دێتە ئەژمار و دژی ڕێسا قانوونیەکانە.

ڕەچاوکردنی حورمەت و "کەرامەتی ئینسانی" هەموو تۆمەتباران ئەرکی بنەڕەتی کارگێڕان و بەرپرسانی لیکۆڵینەوەیە. بەم پێیە کارگێڕان و ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار دەکەن، بۆیان نییە تۆمەتبار بخەنە دۆخێکەوە کە حورمەت و کەرامەتی ئینسانیی پێشێل ببێت؛ بەڵکوو لە سەریانە جۆرێک لەگەڵ تۆمەتبار هەڵسوکەوت بکەن کەسایەتی ئینسانیی بپارێزرێت، چونکوو بەو جۆرەی کوتمان تۆمەتبار کەسێکە کە هێشتا تاوانەکەی نەسەلماوە و لەوانەیە پاش کۆتایی لێکۆڵینەوەکان، بڕیاری بێ تاوانیی دەربکرێت. هەر چەندە ئەگەر بە تاوانباریش دەر بچێت دیسان کارگێڕان مافی ئەوەیان نییە نامرۆڤانە هەڵس-وکەوتی لەگەڵ بکەن و تا ئەو کاتەی بڕیاری مسۆگەر دژی کەسێک دەرنەکراوە و نەسەلماوە کە تاوانبار بووە، بەرپرسانی دادوەری مافی ئەوەیان نییە تاوانەکەی ئاشکرا بکەن و ناوی بزڕێنن و ئابڕووی بەرن.

### چ بابەتگەلێک دەبێ بە وردی لە سەر وەرەقەی پشکنیندا بنووسرێت؟

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەبێ کات و ماوەی پشکنین لە وەرەقەکانی ڕاپۆرتەکەدا بنووسرێت و تۆمەتبار واژۆی بکات یان قامکی پیا بنێت. بەم پێیە تۆمەتبار لە کاتی واژۆکردنی وەرەقەکانی ڕاپۆرتی پشکنینەکەدا و هەر وەرەقەیەکی دیکە کە واژۆی دەکات، دەبێ هەموو نووسراوەکان بە سەرنجەوە وەخوێنێ و ئەگەر دیتی بابەتێک بە هەڵە نووسراوە داوا لە لێکۆڵەر بکات پێش واژۆ کردنەکەی هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە..

◎ **نموونە:** لەوانەیە لێکۆڵینەوە سەعات هەشتی شەو دەستی پێکردبێت و ١٢ی شەو کۆتایی هاتبێ، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا سەعاتی دەسپێک ١٠ی سەرلە بەیانی و کۆتاییەکەی ١٢ی نیوەڕۆ نووسرابێت. لێرەدا تۆمەتبار نابێ وەرەقەی لێپرسینەوەکە واژۆ بکات تا ئەو کاتەی هەڵەکانی چاک دەکەن و دروستەکەی ئەنووسن. هەندێ جار لەوانەیە تۆمەتبار لە لایەن لێکۆڵەرەوە بخرێتە ژێر گوشار تا ڕاپۆرتەکە بەو جۆرەی نووسراوە واژۆی بکات. لە کاتی وادا تۆمەتبار دەبێ خۆی لە ژێر وەررەقەی لێپرسینەوەکەدا سەعاتی دەسپێک و کۆتایی لێپرسینەوەکە و ماوەکەی بنووسێت و پاشان واژۆی بکات؛ ئەگینا ناتوانێ لە دادگا ئیدیعا بکات لێپرسینەوەکانی لە دۆخێکی قانوونی و قانوونمەندا نەبووە.

تۆمەتبار دەبێ لە دۆخێکدا لێپرسینەوەی لێ بکرێت کە هەست بە هیچ گوشارێک لە سەر خۆی نەکات. کە واتە تەنانەت کاتێ تۆمەتبار بۆ بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکان دەخرێتە ژێر چاوەدێری، کارگێڕانی لێکۆڵینەوە دەبێ لە ڕاپۆرتی لێپرسینەوەدا، هۆکاری چاوەدێری کردن، ڕێکەوت و سەعاتی دەسپێک و ماوەی لێپرسینەوە و ماوەی پشووی نێوان دوو لێپرسینەوە و ڕێکەوت و سەعاتێک کە دەینێرن بۆ لای دادوەر هەمووی بنووسرێت و تۆمەتبار واژۆی بکات و قامکی پیا بنێت.[١٧]

## چ) قەدەغەبوونی گوێگرتن لە گفتوگۆی تەلەفوونی تۆمەتبار

### ئایا ئەوانەی لێکۆڵینەوە دەکەن بۆیان هەیە گوێ لە گفتوگۆ تەلەفوونیەکانی تۆمەتبار بگرن؟

یەکێکی دیکە لە مافەکانی تۆمەتباران، پارێزراوبوونی گفتوگۆی تەلەفوونی و نووسراوەکانیان

لە کونترۆڵ و نیگای کەسانی دیکەیە، بەو جۆرەی کە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە تەلەفوونی تۆمەتبار بخاتە ژێر چاوەدێرییەوە، مەگەر ئەوەی کە پێوەندیی بە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەوە هەبێت یان بۆ ئاشکرابوونی ئەو تاوانگەلەی کە سزا قانوونیەکەیان لێساندنەوەی ژیان یان زیندانی تاهەتایی بێت و بە پێویست بزانرێت. بەمجۆرەیش دیسان دەبێ ماوە و کەرەتی کونترۆڵی گفتوگۆی کەسەکان دیاری بکرێت و بەرپرسی باڵای دادی پارێزگایش پەسندی بکات.[١٨]

تێبینی: دادوەریان هیچ کەسێکی دیکە مافی ئەوەی نییە بە مەبەستی وەدەستخستنی بەڵگە، فەرمان بدات گوێ لەگفتوگۆ تەلەفوونیە کەسییەکان بگیردرێت یان کونترۆڵ بکرێت. ئەگەر سەبارەت بە کەسێک ئەو کارە بکرێت و بە کونترۆڵ و گوێگرتن لە تەلەفوونی کەسێک بەڵگە لە دژی ساز بکەن، چونکا ئەو بەڵگە لە رێگای نایاساییەوە ساز کراوە لە بواری قانوونیەوە جێی متمانە نییە و ئەو کەسەی وەها فەرمانێکی دەرکردووە، سەرپێچی-کارە.

## ح) پشکنین و گەڕانی خانوو یان شوێنی داخراو

پشکنینی خانوو یان شوێنی داخراویش دەکرێ یەکێک لە قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە بێت کە لە لایەن لێکۆڵەرەوە ئەنجام ئەدرێت، بەڵام قانوونبۆ دەرکردنی بڕیاری پشکنینی شوێن، هەندێ مەرجی داناوە کە لێکۆڵەر یان هەر پلە و پایەیەکی دادوەری دیکەی تووشی دژواری کردووە.

بە گشتی پشکنینی شوێن یان بۆ قۆڵبەستکردنی تۆمەتبارە یان بۆ کۆکردنەوە و دەسبەسەردا گرتنی ئامێر و کەرەستە و بەڵگەی ڕوودانی تاوان؛ کاتێ ئەم دوو شتە بە دەستەوە بن ئیتر هۆکارێک بۆ پشکنینی شوێن نامێنێت. وێڕای ئەوەی لێکۆڵەر لە کاتی دەرکردنی فەرمانی پشکنینی شوێن، دەبێ شکێکی قایمی هەبێ لەوەی کە دەتوانێ بەم پشکنینە دەستی ڕا بگات بە تۆمەتبار یان ئامێر و کەرەستە و بەڵگەی تاوان.

مەبەست لە "شکی بەهێز" ئەوەیە کە ئەگەرچی لێکۆڵەر سەتاسەت دڵنیا نییە بەڵام بە ڕەوش و بارودۆخ و نیشانەکانی بەردەستدا، دڵنیایە لەوەی کە تۆمەتبار یان بەڵگەکانی تاوان لە شوێنێکدان کە دەبێ پشکنین بکرێت.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە پشکنینی شوێن ببێتە هۆی پێشێلکردنی "تاکەکەسی و ئاسایشی" تۆمەتبار و بنەماڵەکەی یان ئەو کەسانەی لەگەڵیا دەژین یان پێکەوە کار دەکەن. کە وابوو ڕوون و ئاشکرایە کە لێکۆڵەر لە حاڵەتیکدا دەتوانێ فەرمانی پشکنینی شوێن دەەر بکات

کە دەسڕاگەیشتن بە تۆمەتبار یان پەیدا کردنی ئامێر و کەرەستەی تاوان و بەڵگەکانی لە مافی کەسانی پێوەندیدار لەگەڵ ئەم فەرمانەدا گرینگتر بێت. بە واتایەکی تر پاراستنی ئاسایشی گشتی و ماف و بەرژەوەندی کۆمەڵگا لە ئەولەویەتدا بێت. بەم پێیە لێکۆڵەر دەبێ لە کاتی دەرکردنی فەرمانی پشکنینی خانووی خەڵک هەموو ئەم بابەتانە ڕەچاو بکات و لە ڕاپۆرتێکدا، هەم پێویستی و گرینگایەتی پشکنین و هەم شکی بە هێز یان خاترجەمی خۆی لە بوونی تۆمەتبار یان بوونی ئامێر و کەرەستەی تاوان لە شوێنەکەدا تۆمار بکات.

## مەرجەکانی دەرکردنی فەرمانی پشکنین

### ئایا کارگێڕ دەتوانێ بە فەرمانێکی گشتی، شوێنی ژیان یان کاری خەڵک بپشکنێت؟

هیچ بەرپرسێکی دادوەری مافی ئەوەی نییە فەرمانێکی گشتی بۆ چوونە ژووری خانووی خەڵک یان شوێنە داخراوەکان دەربکات و داوای پشکنینیان بکات. فەرمانی پشکنینی شوێن دەبێ بابەتی بێت. لێکۆڵەر دەبێ لە فەرمانەکەی¬دا ناو و ناونیشانی تۆمەتبار بە روونی تۆمار بکات. هەر وەها کات و کەرەتەکانی چوونە ژوورەوەی شوێنەکە و سامان و دارایی و شوێن و ئادرەسەکەی دیاری بکات.

### ئایا کارگێڕ خۆی دەتوانێ کاتی چوونە ژووری خانووی کەسەکان بۆ پشکنین دیاری بکات؟

نا! پشکنین دەبێ لە ڕۆژدا بێت مەگەر ئەوەی ئیجبارێک بێتە پێشێ کە پشکنین لە شەودا جێبەجێ بکرێت. لە ئەگەری دەرکردنی فەرمانی پشکنین لە شەودا، دەبێ لێکۆڵەر پێویست-بوونی ئەم کارە لە ڕاپۆرتەکەدا بهێنێ و لە دۆسیەکەدا تۆماری بکات.
مەبەست لە ڕۆژ، تاوکەوتن تا دەمی ڕۆژئاوایە و کارگێڕان بۆیان نییە پێش لە تاوکەوتن یان دوای خۆر ئاوابوون دەست بدەنە پشکنینی شوێن.

◎ **نموونە:** ئامانج بە تاوانی دزیەتی قۆڵبەست دەکرێت و لە لێپرسینەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوە حاشا دەکات لەوەی کە دارایی و سامانی دزراو لە لیی خۆی بێت. بەڵام چەند کەس کە وەکوو ئاگادار لە شتەکە لە ناوەندی لێکۆڵینەوە ئامادەن، باس لە عەمارێک

دەکەن کە ئامانج سامانی دزراو لەوێ دەشارێتەوە. لێکۆڵەر بە لێکدانەوەی نیشانە و بەڵگەکان، بەو دڵنیاییە دەگات کە پێویستە پشکنین بۆ ئەو عەمارییە بکرێت. بەڵام دوای لێکۆڵینەوەکان بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شوێنە بە دەست کەسێکەوەیە بە ناوی سیامەند. لێکۆڵەر فەرمانی پشکنینی شوێنەکەی دەرکردووە و لەودا بۆ کارگێڕەکان فەرمان دەر دەکات کە پشکنین دەبێ لە ڕۆژدا و بە ئیزنی مالیکی شوێنەکە و بە ئامادەبوونی خۆی و تەنیا جارێک ئەنجام بدرێت، هەر وەها لە ماوەی پشکنینی شوێنەکەدا بەرگری لە هاتن و چوونی کەسانی دیکە بکرێت. ئەو لیستەی سامانی دزراوی داواکراوی سکاڵابەران دەکاتە پاشکۆی فەرمانەکەی. کارگێڕەکان دەچن بۆ ئەو شوێنە، خۆیان دەناسێنن و پێناسە و فەرمانی پشکنینی شوێنەکە پیشانی سیامەند ئەدەن و بە ڕێزەوە پێی دەڵێن کە بۆ پشکنینی ئەم شوێنە هاتووین. سیامەند درگا بۆ کارگێڕەکان دەکاتەوە و ئیزنی چوونە ژووری شوێنەکەیان پێ دەدات. لەو شوێنەدا جیا لە سامانی دزراو، دارایی و قەباڵە و بەڵگەی تایبەتی ئامانجیشی لێیە. بەڵام کارگێڕەکان بە پێی ئەرکێ بۆیان دیاری کراوە دەست لە بەڵگە و قەباڵە و دارایی تایبەتی ئامانج نادەن. ئەوان لە پشکنینەکەیاندا تەنیا سامان و دارایی دزراو دەست نیشان دەکەن پاشان دەستی بە سەردا دەگرن و بە ڕاپۆرتێک دەینووسن و ئەم ڕاپۆرتە کە لە دوو بەرگدا نووسیویانە بە سیامەندیشی واژۆ دەکەن و بەرگێکی دەدەن بە سیامەند.

لە کاتی هاتنی کارگێڕەکان بۆ شوێنەکە، چەند کەس لە سکاڵابەرەکانیش هاتوونەتە ئەوێ و دەیانەوێ لەگەڵ کارگێڕەکان بچنە ژوورەوە. بەڵام سیامەند ئیزنی چوونە ژووریان پێ نادات. سکاڵاکەرەکان بە بێ ئیزنی خاوەنی شوێنەکە ناتوانن بچنە ژوورەوە.[١٩]

◎ **نموونەیەکی تر:** نەرمین بە تاوانی "تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی" قۆڵبەست کراوە. لە کاتێکدا لە گرتووخانەی کاتییە، کارگێڕان دەچن پشکنینی خانووەکەی دەکەن و پاشان لە ڕاپۆرتێکدا ڕای-دەگەیەنن چەند بەستە مادەی هۆشبەر لە خانووەکەیدا دۆزراوەتەوە. بەم ڕاپۆرتە دۆسیەیەکی دیکە دژی نەرمین ساز دەکرێت و ئەمجار بە تاوانی هەڵگرتن و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر تۆمەتبار دەکرێت. لەم دۆسییەدا کردەوەی کارگێڕان و لێکۆڵەری دۆسیەکە نەتەنیا پێچەوانەی یاسایە و نەرمین دەتوانێ سکاڵایان لە سەر تۆمار بکات بەڵکوو دەبێ دەسبەجێ بڕیاری بێتاوان بوونی نەرمین سەبارەت بە هەڵگرتنی مادەی هۆشبەر دەربکرێت. چونکوو بابەتی پشکنینی خانووی نەرمین

کە بە تاوانی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی لە گرتووخانەی کاتییە و کەسی دیکەش لە خانووەکەیدا ژیان ناکات، لەو بابەتانە نییە کە پشکنینی خانووەکەی پێویست بە جێبەجێکردنی خێرا بێت. لە واقیعدا کارگێڕان بە پەلەکردن لە پشکنینی شوێندا - ئەویش لە کاتێکدا کە تۆمەتبار یان مالیکی شوێنەکە- لە حاڵێکدا دەستیان بە پشکنین کردووە کە تەنیا بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی بوونی مادەی هۆشبەر لە خانووی نەرمین هەیانە، ئیدعای خۆیانە. تەنیا بەڵگەیەک کارگێڕەکان لە ئەنجامی پشکنینەکان بە دەستیانەوەیە، ئیدعای خۆیانە کە ڕاستی و دروستیی ئەو ئیدعایش پێویستی بە سەلماندن هەیە.
ئەم شێوازە پشکنینە و ئەم هەڵسوکەوتەی ئەوان سەلمێنەری ئاشکرای " هەوڵدان بۆ وەدەست خستنی بەڵگە لە ڕێگای نایاسایی" ەوەیە.

## خ) وەرگرتنی دوایین بەرگری

### دوایین بەرگری یانی چی؟

دوای ڕەچاوکردنی هەموو مافەکانی تۆمەتبار و کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە، یەکێکی دیکە لە گرینگترین مافەکانی تۆمەتبار لە قۆناخی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و لێپرسینەوە (لە دادسەرا و دادگا) وەرگرتنی دوایین بەرگری لە تۆمەتبارە کە دوای وەرگرتنی دوایین بەرگری لە تۆمەتبار، ئیتر هیچ داخوازییەک وەرناگیردرێ سەبارەت بەو تاوانەی کە دوایین بەرگری بۆ وەرگیراوە. بە واتایەکی تر لە دانیشتنی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەدا، تۆمەتبار دوایین کەسە کە بۆ بەرگری لە خۆی وتەکانی ئەدرکێنێ. دوای ئەو قۆناخە دادسەرا کۆتایی لێکۆڵینەوەکان ڕادەگەیەنێ و بڕیار دەر دەکات (وەکوو بڕیاری بەدوادا نەچوون، ڕاگرتنی بەدواداچوون یان تاوانبار بوون) و دادگا بە ڕاگەیاندنی کۆتایی دادپرسی بڕیاری ڕاگرتنی بە دواداچوون یان بڕیاری بێتاوانی یان مەحکووم بوون دەر دەکات. بە زمانێکی سادە و ساکار، پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەکان کۆتایی پێهات و هەموو بەڵگەکانی سکاڵاکەر لێک درایەوە و بەرگرییەکانی تۆمەتبار بیسترا، دوا قسە لە دادسەرا و دادگادا وتەی تۆمەتبارە، واتە دادوەر دەبێ دیسان بە تۆمەتبار بڵێ کە تاوانی تۆ ئەمەیە (بۆ نموونە: بە دەسبڕی تۆمەتباری) و بەڵگەی تاوانەکەت ئەمەیە (بۆ نموونە: لە ڕۆژنامەدا ڕیکلام بکەیت کە شیرکەتێکم هەیە و خەڵک دەنێرم بۆ دەرەوەی وڵات و بەڵگەکانی سکاڵاکەر بەڵگەی سەلمێنەر بن کە پووڵت لێی وەرگرتووە.) ئێستە دوایین بەرگریت لە هەمبەر ئەم تاوانە و بەڵگەی ئاراستەکراو چییە؟ بەمە ئەڵێن وەرگرتنی دوایین بەرگری، کە دەبێ پێش لەوەی دادگا یان دادسەرا

دوا بڕیاری خۆی بدات داوا لە تۆمەتبار بکات بۆ دوایین جار بەرگری لە خۆی بکات و دوای ئەوەی کۆتایی لێکۆڵینەوە یان لێپرسینەوەی ڕاگەیاند، بڕیار بدات.

## د) مافی تۆمەتباری دەسبەسەرکراو

### ئەو تۆمەتبارەی دەسبەسەرکراوە و دەیبەن بۆ گرتووخانەی کاتی، مافەکانی چین؟

لە بواری قانوونەوە تۆمەتباری دەسبەسەرکراو دوو دەستەن. مەبەست لە تۆمەتباری دەسبەسەرکراو ئەو تۆمەتبارەیە کە ئەگەرچی بڕیاری بارمتە یان کەفاڵەتی بۆ دەرچووە، تۆمەتبار نەیتوانیوە بارمتە یان کەفیل جۆر بکات. هەر بۆیە دەبێ تا کاتی دانانی بارمتە یان کەفیل لە زیندان بمێنێتەوە. لە تاوانی ئاسایی‌دا وەکوو دەسبڕی یان دزی، هەل‌ومەرجی دەسبەسەرکراوان بەو جۆرەیە کە لە خوارەوە باسی دەکەین:

١. لە گرتووخانەی کاتی‌دا ڕادەگیردرێن. بەرپرسانی گرتووخانەی کاتی تەنیا بە فەرمانی نووسراوی بەرپرسانی دادوەری، کەسەکان لە گرتووخانەی کاتی وەردەگرن. ئەوان ناتوانن بە بێ فەرمانی بەرپرسانی دادوەری هیچ کەسێک لە گرتووخانەی کاتی وەربگرن. تەنانەت ئەگەر بەرپرسی دەزگای دادیش فەرمانی دەرکردبێ بەرپرسانی گرتووخانەی کاتی ناتوانن فەرمانەکەی بەڕێوە ببەن.

٢. ئەو تۆمەتبارە دەسبەسەر کراوانەی کە ناتوانن بارمتە دابنێن، تەنیا بۆ ماوەی مانگێک لە گرتووخانەی کاتی ڕادەگیردرێن. ئەگەر دوای مانگێک تۆمەتبار دیسان نەتوانێ بارمتە دابنێت یان لێکۆڵەر دەبێ بارمتەکەی کەم بکاتەوە یان دەبێ ڕایگوێزن بۆ زیندانی گشتی. هەڵبەت لێکۆڵەر دەتوانێ مانەوەی لە گرتووخانەی کاتی بۆ ماوەی مانگێکی تر درێژ بکاتەوە. لەم حاڵەتەدا دەبێ ڕەزامەندی شووڕای دیاریکردنی گرتووخانەی کاتی وەربگیردرێت.

٣. لەو ماوەیەدا کە تۆمەتبار لە گرتووخانەی کاتی‌دایە مافی ئەوەی هەیە کتێب و ڕۆژنامە بکڕێت و لە موبایل و لەپ‌تابی شەخسی خۆی کەڵک وەربگرێت. لە ماوەی دەسبەسەریی‌دا مافی دیداری پارێزەر و بنەماڵە و هاوڕێیانی هەیە؛ مەگەر ئەوەی کە لێکۆڵەر بە نووسراوە و ڕاشکاوانە دیداری ئەوی لەگەڵ بنەماڵە و هاوڕێیانی -بێجگە لە پارێزەرەکەی- قەدەغە کردبێت.[٢٠]

دەستەیەکی دیکە لە تۆمەتباران هەر دەسبەجێ، بە بڕیاری دەسبەسەری کاتی دەنێردرێن بۆ گرتووخانەی کاتی کە پێیان دەڵێن: "تۆمەتباری دەسبەسەرکراو".

### ئایا پێویستە بڕیاری دەستەبەری(وەکوو کەفیل و بارمتە یان دەسبەسەری) بە تۆمەتبار ڕابگەیەنرێت؟

بەڵێ هەموو بڕیارێکی دەستەبەری بریتی لە کەفیل و بارمتە و بڕیاری دەسبەسەری کاتی دەبێ بە تۆمەتبار ڕابگەیەنرێت و لە بڕیارەکانی کەفیل و بارمتەدا دەبێ لە یەکەم دەرفەت¬دا ئەو بوارەی بۆ بڕەخسێ لەگەڵ بنەماڵە و خزم و کەسیدا پێوەندی بگرێت بۆ ئەوەی داوایان لێ بکات دەستەبەری دیاریکراوی لێکۆڵەری لە دادسەرا بۆ دابنێن. بۆ وێنە ئەگەر تۆمەتبار دەیەوێ کەسێک وەک کەفیل بناسێنێ، بنەماڵەی کارئاسانیی بۆ بکەن یان ئەگەر بڕیار وایە تۆمەتبار بە دانانی بارمتە ئازاد ببێت، بنەماڵەی ئاگادار بن و بە دوای دانانی بارمتە و ئازادییەوە بن.

ئەگەر تۆمەتبارێک بڕیاری کەفیل یان بارمتەی بۆ دەرکراوە بەڵام هەلی پێوەندیی لەگەڵ بنەماڵە و خزم و کەسی بۆ نارەخسێت، دەبێ لە یەکەم دەرفەتدا کە دەچێت بۆ لای لێکۆڵەر، لە ڕاپۆرتی لێکۆڵەردا بینووسێت و ناڕەزایەتی خۆی لەو دۆخە دەرببڕێت بۆ ئەوەی دواتر بتوانێت لە دژی لێکۆڵەر و کارگێڕانی تاوانبار سکاڵا تۆمار بکات.

سەبارەت بە بڕیاری دەسبەسەریش دەبێ ئەم بڕیارە بە شێوەی نووسراو بە تۆمەتبار ڕابگەیەنرێت و تێیدا بنووسرێت کە مافی ئەوەی هەیە لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ناڕەزایەتی خۆی لە بڕیاری دەسبەسەری کاتی دەرببڕێت. بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی تۆمەتبار لە بڕیاری دەسبەسەری دەبێ لێکۆڵەر، دۆسییەکە بخاتە بەردەستی تۆمەتبار و پارێزەرەکەی، بۆ ئەوەی بە زانیاری لە ناوەرۆکی دۆسییەکە و بەڵگەکانی لێکۆڵەر، بتوانن بەڵگەمەند و بە پشت بەستن بە قانوون، ناڕەزایەتیی خۆیان لە بڕیاری دەسبەسەرییەکە دەرببڕن.

### ئایا لێکۆڵەر یان دادوەر دەتوانن فەرمان دەربکەن کە تۆمەتبار لە ژووری تاکەکەسیدا ڕابگرن؟

لەو دۆسیانەدا کە چەند کەس پێکەوە بە هاوبەشی یان یاریدەدان لە ڕوودانی تاواندا تۆمەتبار کراون، لێکۆڵەر دەتوانێ بۆ پێشگرتن لە ئەگەری پێکهاتنی نهێنی تۆمەتبارەکان و سڕینەوەی نیشانە و ئاسەواری تاوان، فەرمان بدات ئەم چەند کەسە لێک جودا بکرێنەوە. بەڵام ئەم فەرمانە بە واتای ڕاگرتنی تۆمەتبارەکان لە تاکەکەسیدا نییە. چونکوو یەکەم ئەوەی کە لە قانوونی باودا، تاکەکەسی وەکوو شوێنێک بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار لە بەرچاو نەگیردراوە و شتی وا بە ئەشکەنجە و گوشار بۆ سەر تۆمەتبار دێتە ئەژمار. دووهەم ئەوەی کە مەبەست لە جیاکردنەوەی تۆمەتباران لە یەکتر ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن لەگەڵ تۆمەتبارانی دیکەدا بن بەڵام ناتوانن پێکەوە بن.

## ئایا هێزەکانی ئاسایش گرتووخانە ئەمنییەکان بەڕێوە دەبەن یان ڕێکخراوەی زیندانەکان؟

ئەو تۆمەتبارانەی بە تاوانی ئەمنیەتی یان سیاسی و سوپایی دەسبەسەر دەکرێن، دەیانبەنە گرتووخانەی ئەمنی. ئەم گرتووخانەگەلە لە ناوەندی پارێزگاکان‌دان و لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوەی زیندانەکان بەڕێوە دەچن.هەر بۆیە دەبێ ستانداردی ڕاگرتن، شێوازی بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاری لەم گرتووخانەگەلە، بە گوێرەی ڕێسای "ئاییننامەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی زیندانەکان" بێت. فەرمانبەر و بەرپرسانی ئەم گرتووخانە کاتییانە دەبێ لە فەرمانبەرانی ڕێکخراوەی زیندانەکان بن و لە سەریانە یاسای پاراستنی هاووڵاتی و ڕێزگرتن لە ئازادیی ڕەوای تۆمەتبارانی دەسبەسەرکراو ڕەچاو بکەن. بە پێی ڕێسای ئاییننامەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەی زیندانەکان، بەرپرسانی ئەم گرتووخانەگەلە لە سەریانە ماف و ئەرکە قانوونییەکانی تۆمەتبار لە نامیلکەیەکدا کۆ بکەنەوە و بیدەن بەو تۆمەتبارانەی تازە هاتوون.

## ئایا کارگێڕانی گرتووخانەکان دەتوانن لێکۆڵینەوە لە تۆمەتباران بکەن؟

کارگێڕان و بەرپرسانی گرتووخانەی کاتی تەنیا مافی ڕاگرتنی تۆمەتباریان هەیە و مافی ئەوەیان نییە لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە تۆمەتبار بکەن. لە هەموو تاوانەکان¬دا هەموو لێکۆڵینەوەکان دەبێ لە لایەن لێکۆڵەرەوە ئەنجام بدرێت و ئەگەر لێکۆڵەر هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان بسپێرێت بە کارگێڕەکان، دەبێ خۆی چاودێری لێکۆڵینەوەکان بکات.

◎ **نموونە:** سروە بە "بانگەشە دژی دەسەڵات" تۆمەتبار کراوە، لێکۆڵەر پشکنینی خانووی سروە دەسپێرێت بە کارگێڕانی دادوەری. لێکۆڵەر جیا لەوەی لە فەرمانەکەیدا بابەتی تاوانەکە دەنووسێت، سەبارەت بە چۆنیەتی پشکنینی خانووەکەیشی ڕێوشوێن پێویست بۆ کارگێڕەکان دیاری دەکات و جەخت دەکات لە سەر ئەوە کە ئەو شتانەی پێوەندیی بە بابەتی تاوانەکەوە هەیە و پێوەندییان بە سروەوە هەیە بیپشکنن. کارگێڕان کاتێ دەچن بۆ ماڵی سروە، بە شێوازێکی نەشیاو سووکایەتی بە بنەماڵەی دەکەن، لێرەدا قانوونیان پێشێل کردووە و لە چوارچێوەی ئەرکی خۆیان لایان‌داوە. ئەوان بە بیانووی پشکنین ژووری خوشک و براکانی سروەیش ئەدەن بە یەکدا. کارگێڕەکان لە ڕاپۆرتێکدا کە دوای ئەنجامی پشکنینی خانووی سروەدا دەینووسن، کەیسی کامپیۆتێری

خوشک و براکەی سروە و چەند جلْد ئالبۆمی وێنەی بنەماڵە و ریسیوێرێکیش دەنووسن، بەرگی دووهەمی ڕاپۆرتی پشکنینەکەشیان نەداوە بە بنەماڵەی سروە. لە بابەتی لەو چەشنەدا لێکۆڵەر دەتوانێ سەرپێچی‌کردنی کارگێڕەکان ڕابگەیەنێ بە ناوەندی ئیداری و ئینتزامی و فەرمان بدات ئەو شتانەی پێوەندییان بە بابەتی تاوان و تۆمەتبارەوە نییە بۆیان بگەڕێننەوە و ئەو لێکۆڵینەوانەی لە لایەن کارگێڕانەوە ئەنجام دراون چاودێری و کونترۆلیان بکات.[٢١]

### ئەو کەسانەی تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵانە و دەسبەسەر دەکرێن، لە کوێ ڕایان‌دەگرن؟

بۆ ڕاگرتن و چاودێری منداڵان یان کەسانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵان، لە ناوەندی زۆربەی پارێزگاکان "کانوونی ئیسلاح و تەربیەت" دامەزراوە و ئەگەر تۆمەتبار کەسێکی تەمەن ژێر ١٨ ساڵان بێت، دەبێ لەو کانوونە ڕایانگرن. ڕاگرتنی کەسانی ژێر ١٨ ساڵ لەگەڵ گەورەساڵاندا قەدەغەیە. لەو پارێزگایانەی کە "کانوونی ئیسلاح و تەربیەت" دانەمەزراوە، تۆمەتبارانی خوار ١٨ ساڵ دەبێ لە شوێنێکی جیا لە شوێنی ڕاگرتنی گەورەساڵان چاودێری بکرێن.

## ر) مافی بەهرەمەندی لە دادپرسی عادڵانە و دادگایەکی لێهاتوو و بێ-لایەن

### مەبەست لە دادگای لێهاتوو چییە؟

هەندێ تاوان هەن کە لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار و لێپرسینەوەیان تەنیا لە دەسەڵاتی دادگایە و دادسەرا مافی ئەوەی نییە لەم جۆرە بابەتانەدا دەست‌تێوەردان بکات. وەکوو لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داوێن‌پیسی یان لێپرسینەوە لە تاوانی منداڵان کە ڕاستەوخۆ لە دادگای پێوەندی‌داردا دێنە ئاراوە. ئەگەر دۆسیەی لەم جۆرە بنێردرێتە دادسەرا، تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە نارەزایەتی دەربڕێ و داوا بکات دۆسیەکەی بدرێتە دادگای پێوەندیدار.

ئەو دۆسییانەی پاش دەرکردنی سزانامە لە دادسەراوە دەنێردرێن بۆ دادگا، دادگا دەبێ تەنیا بەو تاوانانە ڕا بگات کە لە سزانامەدا هاتوون. واتە دادگا بۆی نییە بڕیار لە سەر ئەو تاوانانە بدات کە دژی تۆمەتبار ڕاگەیەنراون بەڵام لە تاوان نامە و سزانامەدا باسیان لێ نەکراوە.

◎ **نموونە:** کەسێک لە بازپورسی بە ئەنجام‌دانی چەند تاوانی دزی و فرۆشتنی سامان و دارایی دزیەتی و ساختەکاری بەڵگە تۆمەتبار کراوە؛ بەڵام لە ئەنجامدا لێکۆڵەر بۆ

دزی کردنەکەی بڕیاری تاوانباربوونی دەرکردووە و بۆ تاوانەکانی فرۆشتنی سامان و دارایی دزیەتی و ساختەکاری بەڵگە، بڕیاری بێتاوانی بۆ دەرکردووە و دادستێن بۆ دزیکردنەکەی سزانامە دەر دەکات و دۆسیە دەنێرن بۆ دادگا بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن و بڕیار دەر بکەن. دادوەری دادگا مافی ئەوەی نییە جارێکی دیکە بۆ فرۆشتنی سامان و دارایی دزیەتی و ساختەکاری بەڵگە لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار بکات..

تێبینی: دادگا تەنیا مافی ئەوەی هەیە بە دواداچوون بۆ ئەو بابەتانە بکات کە پاش لێکۆڵینەوەی پێویست لە سزانامەدا بە تاوان لێک دراونەتەوە، تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە ناڕەزایەتی دەرببڕێ و ئەم ڕەخنە دەکرێ لەو بابەتانە بێت کە لە قۆناخی پێداچوونەوەدا دادنامەهەڵوەشێنێتەوە.

### ئایا لێژنەی دادبەخش لە دادگاکانی ئێراندا بوونیان هەیە؟

بە گوێرەی قانوونی بنەماکانی دادپرسینی تاوان، دەبێ تاوانی ڕۆژنامەوانی و سیاسی لە "دادگای تاوانەکانی یەک" و بە ئامادەبوونی لێژنەی دادبەخش بەدواداچوونی بۆ بکرێت. بە داخەوە تا ئێستا ئەندامانی لێژنەی دادبەخش بۆ تاوانی سیاسی دیاری نەکراون، بەڵام بۆ تاوانی ڕۆژنامەوانی کەسانێک لە ژێر ناوی لێژنەی دادبەخش دیاری کراون کە لە هەندێ بابەتدا گومان لە سەر بێلایەن بوونیان دەکرێت.

## ڕ) مافی بەهرەمەندی لە دادوەری لێهاتوو و بێلایەن

### دادوەر لە چ بارودۆخێکدا شیاوی ئەوە نییە بەدواداچوون بۆ دۆسیەیەک بکات؟

بۆ ڕەچاوکردنی مافی تۆمەتباریش هەندێ مەرج بۆ لێهاتوویی دادوەری لێکۆڵینەوە، واتە (لێکۆڵەر، دایار، دادستێن) و ئەو دادوەرەی بڕیاری دەرکردووە لە بەرچاو گیردراوە، ئەگەر لە دۆسیەی دادوەری لێکۆڵینەوەدا (واتە لێکۆڵەر، دادیار یان ئەو دادوەرەی بڕیاری دەرکردووە) یەکێ لەو مەرجانەی ژێرەوەی وەکوو نموونە هەبێت، لایەنەکانی شەڕ و کێشە دەتوانن لە لێهاتووییەکەی ڕەخنە بگرن:

١. ئەگەر پێشتر لەو بابەتەدا هەر بۆ ئەو تۆمەتبارە بڕیاری دەرکردبێ یان بەڵێنێکی دادوەریی دابێ.
٢. لەگەڵ لایەنێکی کێشەکەدا خزمایەتی هەبێت.
٣. ئەگەر ئەو کێشە بۆ دادوەر یان لێکۆڵەر قازانجی تیا بێت.

بە بوونی هەر کام لەو هۆکارانەی سەرەوە ئیتر وەها دادوەرێک شیاوی ئەوە نییە بۆ لێکۆڵینەوە یان لێپرسینەوە تێکەڵ باسەکە ببێت و بڕیار دەر بکات. ئەگەر دادوەر شیاوی پێڕاگەیشتن بە دۆسییەکە نەبێت بەڵام لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەکە کردبێت و بڕیاریشی دەرکردبێت، ئەم بڕیارە لە قۆناخی بەدواداچووندا دەکرێ هەڵوەشێتەوە.
کە واتە یەکێکی دیکە لە مافەکانی تۆمەتبار مافی ڕەخنەگرتنە لە لێهاتوویی دادوەر یان لێکۆڵەر. کە لەم جۆرە بابەتانەدا تۆمەتبار دەتوانێ بە ڕەخنەگرتن (قەبووڵنەکردنی لێکۆڵەر) ناشارەزایی دادوەری لێکۆڵینەوە واتە لێکۆڵەر یان دادیاری لێکۆڵینەوە یان دادوەری بڕیاردەر ڕابگەیەنێت.

## ز) مافی دادگایی‌کردنی تۆمەتبار بە تاوانی جۆراوجۆر لە دادگایەکدا

**ئەگەر کەسێک بە ئەنجامدانی چوار تاوانی دزیەتی، خەیانەت لە ئەمانەتدا، سیخوڕی و هەڵاتن لە خزمەتی سەربازی، تۆمەتبار کرابێ ئایا لە یەک دادگادا، دادگایی دەکرێت یان هەر تاوانێکی لە دادگایەکدا؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بزانین کە:
١. بەگوێرەی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان، دادگاکان چەند جۆرن:

◆ **دادگای تاوانەکانی یەک:** ئەم دادگایانە لە ناوەندی پارێزگاکاندا دێنە ئاراوە و بەرپرسێک و ٢ ڕاوێژکاریان هەیە کە بە ئامادەبوونی ٢ ئەندام حاڵەتی فەرمی‌بوون پەیدا دەکات. ئەم دادگایانە بە تاوانی گرینگی وەک تاوانی لێ‌ساندنەوەی ژیان، زیندانی تا هەتایی، بڕینی ئەندام و تاوانە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەکان ڕا دەگات. هەڵبەت پێ‌ڕاگەیشتن بە تاوانی سیاسی و ڕۆژنامەوانی دەبێ بە شێوازی ئاشکرا و بە ئامادەبوونی لێژنەی دادبەخش بەڕێوە بچێت. ئامادەبوونی دادستێن لە دانیشتنەکانی پێ‌ڕاگەیشتن لەم جۆرە دادگایانەدا پێویستە.

◆ **دادگای تاوانەکانی دوو:** ئەم دادگایانە بە هەموو تاوانە گشتییەکاندا ڕا دەگەن.

◆ **دادگای شۆڕش:** بۆ لێپرسینەوە لەو تاوانانەی کە قانوون بە تاوانی سیاسی یان ئاسایش لێکیان دەداتەوە، وەکوو بانگەشە دژی دەسەڵات، تێکدانی هێمنایەتی میللی، سیخوڕی و سووکایەتی بە ڕێبەری و...ئەم دادگایانە لەو بابەتانەدا کە بە تاوانە گرینگەکانی لێ-ساندنەوەی ژیان، زیندانی تاهەتایی و بڕینی ئەندام پێڕادەگەن، بە ئامادەبوونی ٢ ئەندام لە ٣ دادوەرەکە فەرمی دەبێت. بۆ پێڕاگەیشتن لە تاوانەکانی دیکە، بە ئامادەبوونی یەکێک لە دادوەران (بریتی لە بەرپرس، ڕاوێژکار یان جێگرەکەی) فەرمی دەبێت.

◆ **دادگای نیزامی یەک و دوو:** بۆ لێپرسینەوە لە تاوانە تایبەتەکانی چەکدارانی دەوڵەتە. ئەویش تەنیا لە دۆخێکدا کە لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان تووشی تاوان بن. وەکوو هەڵاتن لە خزمەتی سەربازی.

◆ **دادگای منداڵان:** بە تاوانی کەسانی خوار ١٨ساڵان ڕادەگات و دادوەرێک و ڕاوێژکارێکی هەیە.

کە واتە سەبارەت بەو چوار تاوانەی لە سەرەوە ناومان بردن، بە تێکدانی هێمنایەتی میللی لە دادگای شۆڕش، خەیانەت بە ئەمانەت و دزیکردن لە دادگای گشتیدا و هەڵاتن لە خزمەتی سەربازی لە دادگای نیزامیدا پێی ڕادەگەن.

٢. ئەو تاوانانەی دەدرێنە پاڵ تۆمەتبار، لە بواری سزاوە هاوسەنگ بن

ئەگەر هەموو ئەو تاوانانەی دەخرێنە پاڵ تۆمەتبار، لە باری سزاوە وەکوو یەک وابن و هیچکام لەو تاوانانە سزایان لە سزای تاوانەکانی دیکە زیاتر نەبێ و هەموویان لە دەسەڵاتی دادگای تاوانەکاندا بن، لەم حاڵەتەدا هەموویان لە دادگایەکدا لێپرسینەوەیان بۆ دەکرێت.

٣. لەوانەیە ئەو تاوانانەی تۆمەتبار پێیان تاوانبار کراوە لە بواری سزاوە جیاوازییان هەبێت. بۆ نموونە سزای یەکێکیان سێ تا شەش مانگ بێت کە لە دەسەڵاتی دادگای تاوانەکانی دوو دایە و سزای تاوانێکی دیکەی دوو تا پێنج ساڵ و سزای تاوانی سێهەم تا دە ساڵ بێت. لەم حاڵەتەدا بۆ هەموو تاوانەکانی لە دادگایەکدا پێیڕادەگەن کە شیاوی لێپرسینەوە لە تاوانە قورسترە(گرینگترە) کەیانە.

◎ **نموونە:** بۆ نموونە سەبارەت بە دزیەتی، خەیانەت لە ئەمانەت و دەسبڕی. چونکوو سزای دەسبڕی لە هەمووان قورسترە، لە دادگایەکدا پێیڕادەگەن کە بە تاوانی دەسبڕی ڕادەگات. مەگەر لە بابەتێکدا کەسێک بە تاوانێک تۆمەتبار بێت، وەکوو دزیەتی؛ و

لێپرسینەوە بە تاوانی دزیەتی دەسی پێ‌کردبێ. بەڵام لە کاتێک‌دا کە بە تاوانی دزیەتی لێپرسینەوەی لێ‌دەکرێت، سکاڵایەکی دیکەی بە ناوی دەسبڕیەوە لە سەر تۆمار دەکرێت. لەم حاڵەتەدا بە تاوانی دەسبڕی هەر لە هەمان دادگا کە بە تاوانی دزیەتی لێپرسینەوەی لێ‌کراوە و زووتر دەستی پێ‌کردووە، لێپرسینەوەی لێ‌دەکەن.[٢٢] جاری وایە لەوانەیە کەسێک لە چەند شاری جیاواز چەند تاوانی ئەنجام دابێت. لەم حاڵەتەدا لە دادگایەک‌دا پێی ڕادەگەن کە گرینگترین تاوانەکە تیای‌دا ڕووی دابێت، یان لەو دادگا پێی ڕادەگەن کە تۆمەتبار لەوێ قۆڵبەست کراوە.

بەڵام ئەگەر بۆ وێنە کەسێک بە دوو تاوانی "بڵاوکردنەوەی دەنگۆ بە مەبەستی شێواندنی بیر و ڕای گشتی" و "بانگەشە دژی دەسەڵات"تۆمەتبار کرابێ، بە تاوانی بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە دادگای تاوانەکانی یەک و بە تاوانی بانگەشە دژی دەسەڵات لە دادگای شۆڕش پێی ڕادەگەن.

## ژ) مافی دادگایی‌کردنی هاودەست و شەریکی تاوان، هاوکات لە دادگایەک‌دا

**ئەگەر چەند کەس پێکەوە تاوانێکیان کردبێت و تۆمەتباری سەرەکی لە شاری تاران بێت بەڵام چەند کەس لە تۆمەتبارەکان لە شاری قوم و یەکێکیان لە شاری سمنان بێت. ئایا هەر کامێکیان لە شاری خۆیان دادگایی دەکرێن؟**

نا! لەو بابەتانەی وا تاوان لە لایەن چەند کەسەوە ئەنجام ئەدرێت، بۆ ئەوەی تۆمەتبارەکان بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە دۆخێکی بەرانبەردا بن، هەر لە هەمان دادسەرا یان دادگا کە لێپرسینەوە لە تۆمەتباری سەرەکی دەکرێت لەوانی دیکەش لێپرسینەوە دەکرێت. کەڵکی ئەم جۆرە لێپرسینەوە ئەوەیە کە سەرەتا دادگا بە ئاگادارییەکی زیاترەوە بە دۆسییەکە ڕادەگات و بڕیارێکی شیاوتر دەر دەکات، دووهەم ئەوەی کە لەوانەیە وتەی یەکێ لە تاوانبارەکان بە قازانجی ئەوانی تر بشکێتەوە و بەم‌جۆرە مافی ئەوانی تر پێشێل ناکرێت.

## س) مافی وەدەست‌هێنانی زانیارییەکان لە دۆسییە

**ئایا تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە لە ناوەرۆکی دۆسیەکەی ئاگادار بێت یان نا؟**

بەڵێ. لەگەڵکوو دۆسیە نێردرایە دادگا و کاتی لێپرسینەوەی بۆ دیاری کرا و تۆمەتبار یان

پارێزەرەکەی لێی ئاگادار بوون، مافی ئەوەیان هەیە بچن بۆ نووسینگەی لقی دادگا و داوای دۆسیەکەیان بکەن و هەر لەوێ وەیخوێنن و ناوەڕۆکەکەی ببینن.

◎ **نموونە:** کەسێک بە کوشتن تۆمەتبار کراوە و دوو شت وەک بەڵگە بە دەستەوەیە: یەکێکیان چەقۆیەکی خوێناوی کە لە تەنیشت تەرمەکەدا بووە و ئەوی تریشیان فیلمێکە کە لە کاتی ڕووداوی کوشتنەکەدا کامێرای چاوەدێری گرتوویەتی و ئەو فیلمە نیشانی ئەدا کەسی تۆمەتبار چەقۆیەکی کردووە بە سەر دڵی کەسی کوژراودا و کوشتوویەتی. کاتێ تۆمەتبار لەگەڵ پارێزەرەکەیدا دەچن بۆ نووسینگەی لقی دادگا و دەیانەوێ لە ناوەڕۆکی دۆسیەکە ئاگادار بن، دادگا دەبێ هەم نووسراوەکانی ناو دۆسیەکە بخاتە بەر دەستی تۆمەتبار یان پارێزەرەکەی و هەم ئەو چەقۆ خوێناوییەی کە دەستی بە سەردا گیراوە و پەیوەستی دۆسیەکە کراوە، پیشانی تۆمەتبار یان پارێزەرەکەی بدات. بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕۆژی دادگایی کردنەکەدا بەرگریی قانوونی پێویست لە خۆیان بکەن هەروەها نووسینگەی دادگا دەتوانێ نوسخەیەک لە فیلمەکە بداتە تۆمەتبار یان پارێزەرەکەی.

## ش) مافی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی واژۆ کراو و هەموو ئەو وەرەقانەی بۆ واژۆ کردن دەدرێنە تۆمەتبار

**ئایا دادوەر دەتوانێ بە تۆمەتبار بڵێ، نابێ ڕاپۆرتە واژۆکراوەکانی دادگا وەخوێنی یان ئەوەی بە بیانووی کەمیی کاتەوە ئیزن نەدات تۆمەتبار ڕاپۆرتە واژۆکراوەکان و ئەو بابەتانەی پێی واژۆ دەکەن بیانخوێنێتەوە؟**

نا! تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە تا ئەو کاتەی نووسراوەیەکی بە باشی نەخوێندبێتەوە و لە ناوەڕۆکەکەی ئاگادار نەکرابێ، واژۆی نەکات و هیچ بەرپرسێک (تەنانەت دادوەریش) ناتوانێ بە زۆرەملی بابەتێکی پێ واژۆ بکات کە نەیخوێندۆتەوە، یان لەوانەیە وەرەقەی سپیی پێ واژۆ بکات.

◎ **نموونە:** لەوانەیە لە کاتی لێپرسینەوەدا وەرەقێک لە بەر دەستی تۆمەتباردا دابنێن و بڵێن واژۆی بکە یان قامکی پیا بنێ. ئەمجۆرە کارانە نایاساییە و دادوەر یان هەر ناوەندێکی کاری لێکۆڵینەوەی پێ سپێردراوە یان بەرپرسە بۆ وەرگرتنی واژۆی تاوانبارێک بۆ بابەتێک، دەبێ سەرەتا تۆمەتبار حاڵی بکات ئەو نووسراوەی پێی دەدرێت بیخوێنێتەوە و پاشان ئەگەر پەسەندی کرد واژۆی بکات. چونکوو واژۆ کردنی هەر بەڵگە و قەباڵە و وەرەقێک

لە ڕاستی‌دا پەسند کردنی ناوەرۆکەکەیەتی و پێویستە پێش واژۆ کردن بخوێنرێتەوە و لە ناوەرۆکەکەی ئاگادار بێت.

## ع) مافی نارەزایەتی‌دەربڕین بە بڕیاری دەس‌بەسەرکردن

**ئایا تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە لە هەمبەر بڕیاری دەس‌بەسەری کاتی نارەزایەتی دەرببڕێت؟**

ئەگەر بۆ دەستەبەرکردنی ئامادەبوونی تۆمەتبار لە دادسەرا یان دادگا پێویست بەوە بێت دادوەر بڕیاری قۆڵبەست‌کردنی کاتی دەر بکات، دەبێ لە دەقی بڕیاری قۆڵبەست‌کردنی کاتی‌دا، مافی نارەزایەتی‌دەربڕینیشی تێدا بنووسێت و هەر وەها تۆمەتباریش تێ-بگەیەنێت کە لە بڕیاری قۆڵبەست‌کردنی کاتی‌دا مافی نارەزایەتی دەربڕینی هەیە، دە ڕۆژ مۆڵەت هەیە نارەزایەتیی خۆی بەم بڕیارە دەرببڕێت. کە واتە یەکێکی دیکە لە مافە ڕەواکانی تۆمەتبار "مافی نارەزایەتی دەربڕین بە بڕیاری قۆڵبەست‌کردنی کاتی" یە. و لە دادگا بە نارەزایەتییەکەی ڕادەگەن. ئێستا ئەگەر بڕیاری قۆڵبەست کردنی کاتی بۆ ماوەی دوو مانگ دەربکرێ و تۆمەتبار نارەزایەتی دەرببڕێ بەڵام دادگا بڕیارەکە پەسەند بکات دیسان تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە پاش مانگێک نارەزایەتی خۆی لەم بڕیارە دەرببڕێ و ئەرکی دادسەرایە نارەزایەتی تۆمەتبار بنێرێتە دادگا بۆ ئەوەی دیسان پێراگەیشتنی بۆ بکرێت. لەوانەیە بارودۆخێک بێتە ئاراوە هۆکارەکانی دەسبەسەربوونی تۆمەتبار لا بچن. لەم حاڵەیش‌دا تۆمەتبار دەتوانێ داوا لە لێکۆڵەر بکات بڕیاری دەسبەسەرییەکەی هەڵوەشێنێتەوە.

◎ **نموونە:** لەوانەیە دوو کەس پێکەوە تاوانێکیان کردبێ و تەنیا یەکێکیان قۆڵبەست کرابێ و لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ بەڵام ئەوەی دیکەیان هەڵاتبێ. لێکۆڵەر بۆ پێشگرتن لە پێکهاتنی نهێنی(تبانی) ئەم دوو تۆمەتبارە لەگەڵ یەکتر، بڕیاری قۆڵبەست‌کردنی کەسی دەسگیرکراو دەردەکات و پاش ١٥ ڕۆژان تۆمەتباری هەڵاتوویش قۆڵبەست بکرێ و لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجام بدرێت. چونکوو بە قۆڵبەست‌کردنی ئەو و لێپرسینەوە، ڕێگای پێکهاتنی نهێنی بەتاڵ کراوەتەوە. تۆمەتباری یەکەم کە لە زیندانە دەتوانێ داوا لە لێکۆڵەر بکات بڕیاری دەسبەسەرییەکەی هەڵوەشێنێتەوە و بیکات بە بڕیارێکی سووکتر و شیاوتر. یان ئەگەر هۆکارێک بۆ دەرکردنی بڕیار لە ئارادا نەبێت بێ مەرج و شەرت ئازاد بکرێت.

## غ) مافی پرسیار لەو شایەتحاڵانەی دژی تۆمەتبار شایەتی ئەدەن

**ئایا تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە پرسیار لەو شایەتحاڵانە بکات وا دژی ئەو شایەتی دەدەن؟**

بەڵێ! تۆمەتبار دەتوانێ بۆ ڕوون بوونەوەی بابەتەکە و دەرکەوتنی ڕاستییەکان پرسیار لەو شایەتحاڵانە بکات وا دژی ئەو شایەتی دەدەن. بەڵام دەبێ پرسیارەکانی پێشکەش بە دادوەر بکات و دادوەری دادگا پرسیارەکانی ئەو بێنێتە ئاراوە و داوای وڵام لە شایەتحاڵان بکات.

## ف) مافی وەرگرتنی ڕەسید لە کاتی پشکنینی خانوو و پشکنینی جەستەی تۆمەتبار

١. هەر بەو جۆرەی لە سەرەوە باسمان کرد چوونە ژوورەوەی خانوو و پشکنین و سەنگ و سووژن کردنی خانوو و شوێنی کاری تۆمەتبار دەبێ بە فەرمانی دادوەری و بە بڕیاری تایبەتەوە بێت.

٢. ئەگەر فەرمانبەران و پۆلیسی دادگا بە پێی فەرمانی بەرپرسی دادوەری و بڕیاری تایبەتی، خانوو یان شوێنی کاری تۆمەتبار بپشکنن، دەبێ ڕاپۆرتێکی واژۆ کراو لە دوو بەرگدا بنووسن. وێڕای هەموو ئەو شتانەی لە خانوو یان شوێنی کاری تۆمەتبار لە پێوەندی لەگەڵ بابەتەکەدا دەیدۆزنەوە و بە ئامادەبووان و تۆمەتبار و فەرمانبەری پشکێنەر واژۆی دەکەن و بەرگێک لەو ڕاپۆرتە وەکوو ڕەسید دەدەنە تۆمەتبار.

◎ **نموونە:** کەسێک تۆمەتبار کراوە بە ساختەکاری لە دروست کردنی دەوا و دەرماندا. پۆلیسی دادگا بە فەرمانی بەرپرسی دادوەری و فەرمانی تایبەتی پشکنین لە خانووی تۆمەتبار، دەبێ پاش پیشاندانی فەرمان بە تۆمەتبار، بچنە ژوورەوە و تەنیا ئەو شتانەی پێوەندییان بە دابین کردن و دروست کردنی دەوا و دەرمانەوە هەیە دەستی بە سەردا بگرن (تەرازوو و پێوانەکردنی کەرەستەی خاو، ئیتیکێتی دەرمانی و ...)، بەڵام مافی ئەوەیان نییە هیچ شتێکی دیکە کە پێوەندیی بە دابین کردن و سازکردنی دەرمانەوە نەبێت وەکوو: چەک یان پووڵ یان...لە خانووی تۆمەتبار یان شوێنی کارەکەی دەستی بە سەردا بگرن. هەروەها لە ڕاپۆرتی ئامادەکراودا تایبەتمەندییەکانی ئەو دەرمانەی بینراوەتەوە، بۆ نموونە: پۆدرە یان شلەمەنی و ڕادەکەشی تۆمار بکرێت و تۆمەتبار و

ئەوانەی لەوێن واژۆی بکەن.

تێبینی: ڕاپۆرتی واژۆنەکراو لە لایەن تۆمەتبار و ئامادەبووانەوە بایەخی قانوونیی نییە.

٣.فەرمانبەری پشکێنەری جەستەی تۆمەتبار دەبێ لە کاتی پشکنینی جەستەدا دوو بەرگ ڕاپۆرت بنووسێت و وێڕای بەیان کردن و ناساندنی ئەو شتانەی لە تۆمەتبار گیراوە، هەر دوو بەرگی ڕاپۆرتە ئامادەکراوەکە بە تۆمەتبار واژۆ بکرێ و بەرگێکی وەک ڕەسید بدرێتە تۆمەتبار،چونکوو ڕاپۆرت و ڕەسیدێک واژۆ نەکرابن بایەخی قانوونیی نییە.

## ڤ) مافی وەرگرتنەوەی ئەو سامان و داراییەی لە کاتی پشکنینی جەستەی تۆمەتبار گیراون

**ئایا تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە ئەو سامان و داراییەی لە ماڵەوە یان شوێنی کار یان لە پشکنینی جەستەی لێیان گرتووە، لە دادسەرا یان دادگا داوای بکاتەوە؟**

بەڵێ! چونکا ئەو شت و مەکانەی لە ڕەوتی پشکنینی خانوو یان شوێنی کار یان لە پشکنینی جەستەییدا لە تۆمەتباری دەگرن و دەستی بە سەردا دەگرن تەنیا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و پشکنینی سەبارەت بە پێوەندی ئەو شتانە لەگەڵ ئەو تاوانەدایە کە دراوەتە پاڵی و هەڵسەنگاندنیان وەک بەڵگە کەڵکیان لێ وەر دەگیردرێ و دەبێ لیکۆڵەر یان دادوەری دادگا پاش هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەو شتانە و دوای کۆتایی لێکۆڵینەوە و پێویست نەبوونیان فەرمان بدات بیانگەڕێننەوە بۆ تۆمەتبار. کە وابوو ئەگەر لێکۆڵینەوە کۆتایی پێ هاتبێ و ئیتر پێویست بە ڕاگرتنیان نەبێ، تۆمەتبار دەتوانێ داوا لە دادسەرا یان دادگا بکات بۆی بگەڕێننەوە. مەگەر ئەو شتانەی دەستیان بە سەردا گیراوە لەو شتانە بن کە دەبێ لە ناو بچن وەکوو مادە هۆشبەرەکان.

## ق) مافی وەرگرتنی ڕوونووسێک لە بڕیار، سزانامە یان دادنامە

**ئایا تۆمەتبار دەتوانێ ڕوونووسێک لە سزانامە، بڕیاری مسۆگەری یان بۆچوونی خۆی لە دادسەرا یان دادگا وەربگرێت؟**

ببەڵێ. دادگا پاش دیاریکردنی کاتی پێڕاگەیشتن و هاوکات لەگەڵ بانگێشتی تۆمەتبار بۆ دادپرسی، ڕوونووسێک لە سزانامە ئامادە دەکەن و دەینێرن بۆ تۆمەتبار. ئەگەر ئەنجامی کۆتایی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە بازپرسی و لە دادگا بڕیاری لێ دەر بچێ، دەبێ دادسەرا و دادگا

ڕوونووسێک لە بڕیاری دەرکراو بە واژۆ و مۆرەوە پێشکەش بە تۆمەتبار بکەن کە لە باری قانوونیەوە پێی دەڵێن: "ڕاگەیەنراو" و ئەگەر دادسەرا یان دادگا ڕوونووسێک لە بڕیاری دەرکراو بە تۆمەتبار نەدات تاوانبار مافی ئەوەی هەیە داوای ڕوونووسێک لە بڕیاری دەرکراو بکات و نەدانی ڕوونووسێک لە دادنامە بە تۆمەتبار سەرپێچی کردن لە قانوونە و تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە لای ناوەندە شیاوەکان سکاڵانامە پێشکەش بکات. هۆکاری ئەوەی تۆمەتبار مافی هەیە ڕوونووسێک لە بڕیارەکەی پێ بدرێت ئەوەیە کە تۆمەتبار دەتوانێ ناڕەزایەتی خۆی لەو بڕیارە دەرببڕێ و داوای پێداچوونەوە بکات و بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و پێداچوونەوە دەبێ لە ناوەرۆکی بڕیارەکە ئاگادار بێت هەتاکوو ئەگەر بڕیاری دەرکراو دژی قانوون یان پێچەوانەی ناوەرۆکی دۆسیەکە بێت بتوانێ بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی ناو دۆسیەکە و بە پێی ئەو خاڵانەی وا یاسا پێشێل کراوە یان ڕەچاو نەکراوە، داوای بەتاڵ کردنەوەی بکات، بە گوێرەی قانوون هەر بڕیارێک دەر دەچێ دەبێ: بەڵگەمەند(واتە بە پێی بەڵگە)، قانوونمەند(واتە بە گوێرەی قانوون) و پاساوهەڵگر(واتە ئاوەزمەند) بێت. ئەگەر ڕوونووسێک لە بڕیارەکە نەدرێتە تۆمەتبار، ناتوانێ لە ناوەرۆک و بەڵگەمەند بوون و قانوونمەندبوون و پاساوهەڵگربوون یان نەبوونی ئاگادار بێت و ناڕەزایەتییەکی عەقڵانی بۆ دەرببڕێ. هەروەها ئەگەر دادگا ئیزنی پێ بدات ناوەرۆکی بڕیارەکە ڕوونووسی بکات، دەبێ پاش تەواوبوونی ڕوونووسەکە دروستی و هاوسانیی لەگەڵ خودی بڕیارەکەی دادگادا پەسند بکرێت.

## ک) مافی ئاشکرابوونی دادگاییکردن

### ئایا ئەندامانی بنەماڵە یان هاوڕێیانی دوو لایەنی دۆسیە یان ڕۆژنامەوانان مافی بەشداریکردنیان لە دانیشتنەکانی دادگادا هەیە؟

بنەما لە سەر ئاشکرابوونی دادگاییکردنە. مەبەست لە ئاشکرابوون ئەوەیە کە هیچ بەربەستێک بۆ ئامادەبوونی کەسانی دیکە لە دادگاییکردندا نەبێت. مەگەر لە "تاوانی شیاوی لێخۆش بوون"دا کە لایەنەکان یان سکاڵابەر داخوازی نائاشکرابوونی دادگاییەکە بکەن.

◎ **نموونە:** ڕێبین بە تاوانی بوختان و هەڵبەستنی درۆ سکاڵای لە سەر هەوراز تۆمار کردووە. دۆسیەکە بە ئیدعانامەوە نێردراوە بۆ دادگا و کاتی پێڕاگەیشتنی بۆ دیاری کراوە. لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا هەوراز داوا دەکات دانیشتنی دادگا بە شێوەی

نائاشکرا بەڕێوە بچێت. بەم پێیە دادگا دەتوانێ بڕیاری نائاشکرابوونی دادگاییەکە ڕابگەیەبێت. بێجگە لەمە دادگاییەکە ئاشکرا بەڕێوە دەچێت. دادوەر بۆی هەیە لە هەندێ حاڵەتدا کە ئاشکرابوونی دادگاییکردن ببێتە هۆی بشێوی ئاسایشی گشتی یان کەفوکوڵی ئایینی، دادگاییکردنەکە نائاشکرا بەڕێوە ببات. بەڵام دەبێ بە بەڵگە پێویستی ئەم کارە لە ڕاپۆرتی دادگایی-کردنەکەدا بگونجێنێ.

## گ)مافی داواکردنی قەرەبووی زەرەر و زیانی دەسبەسەرکردنی نایاسایی

**ئایا تۆمەتبار دەتوانێ بە هۆی دەسبەسەرکردنی نایاساییەوە داوای قەرەبووی زەرەر و زیان بکات؟**

بەڵێ. ئەگەر کەسێک لە قۆناخی لێکۆڵینەوە و دادپرسیدا دەسبەسەر بکرێت بەڵام پاش کۆتایی لێکۆڵینەوە یان دادپرسی بێتاوان بوونی بسەلمێ و بڕیاری بێتاوان بوونی دەربچێت، مافی ئەوەی هەیە تا ٦ مانگ دوای دەرچوونی بڕیاری مسۆگەر -کە نیشان لە بێتاوانی ئەوە – داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو خەسارە مادی و مەعنەوییانە لە حکوومەت بکات وا وێی کەوتوون. مەبەست لە "خەساری مەعنەوی" ئازاری دەروونی یان ئابڕوو و ئیحتوباری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی و کەسێتیە.

## ل)مافی بەهرەمەندی لە تەندروستی، خۆراک و ڕابواردنی شیاو لە گرتووخانەی کاتی

**ئایا تۆمەتبار کە بە بڕیاری دەسبەسەری کاتی یان هەر هۆیەکی تر ماوەیەک دەبێ لە زیندان وەمێنێ بۆی هەیە لە مافی زیندانییان سەبارەت بە تەندروستی و خۆراک و ڕابواردنی شیاو بەهرەمەند بێت؟**

بەڵێ. تۆمەتباریش وەکوو کەسی حوکم دراو لە مافەکانی پێوەندیدار بە تەندروستییەوە وەکوو مافی پێ بوونی جل و بەرگ بە ڕادەی پێویست و خۆراکی شیاو بەهرەمەند بێت. هەر وەها تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە لە زیندان ڕابواردنی شیاوی هەبێت و لە ماوەی مانەوەی لە زینداندا لە ناوەندەکانی فێرکاری پیشە و کار و دام و دەزگا پیشەییەکان و کەشاوەرزی و خزمەتگوزاری، سەرقاڵی کار و فیربوون ببێت.

## ڵ) مافی داخوازی ژارپاشی و دژگەن کردنی ئەو شوێنەی لێی ڕادەگیردرێ

بەرپرسانی گرتووخانە ئەرکی سەرشانیانە بایەخ بدەنە پاک و خاوێنی و تەندروستی شوێنی ڕاگرتنی تۆمەتباران. و بە پێی ڕێسای بنەماکانی ڕێکخراوەی زیندانەکان، دەبێ ئاسایشگا و شوێنی ڕاگرتنی تۆمەتباران ژارپاشی بکەن. تۆمەتبار دەتوانێ بۆ پێشگرتن لە هەڵێنانی جرۆجانەوەر و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس و نەخۆشییە وەرزییەکان داوا لە بەرپرسانی گرتووخانە بکات شوێنی ڕاگرتنەکەی ژارپاشی و دژەگەند بکەن.

## م)مافی سەردانی بنکەی تەندروستی گرتووخانە یان زیندان و مافی چارەسەرکردنی نەخۆشی و دەرمان

هەر کەسێک لە گرتووخانەی کاتی یان زیندان بێت مافی ئەوەی هەیە بەردەوام لە لایەن پزیشکی گرتووخانە یان زیندانەوە پشکنینی بۆ بکرێت و ئەگەر پێویستی بە دەرمان لە نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی گرتووخانە یان زیندان بێت بینێرن بۆ نەخۆشخانە. هەر وەها لە بابەتی خۆراکەوە، تۆمەتباری نەخۆش دەبێت خواردنێک بخوات کە بە پێی بەرنامە و پەسندی پزیشکەکەی بێت

## ن)مافی مەرەخەسی بۆ تۆمەتباران لە گرتووخانەی کاتی

یەکێک لە ئەرکەکانی شوورای گرتووخانەی کاتی، دانی مەرەخەسی بە تۆمەتبارە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دادستێن یان ئەو دادوەرەی بڕیارەکەی دەرکردووە.

## خاڵە گشتییەکان:

**١**. لە هەموو دۆسیە سیاسیەکان‌دا، کارگێڕانی ناوەندە ئەمنییەکان وەکوو وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپا، لە لایەکەوە تۆمەتباران دەخەنە ژێر گوشارەوە کە دژ بە خۆیان یان کەسانی تر لێدوان بدەن هەرچەندە ناڕاستیش بن، لە لایەکی دیکەشەوە پێش بە وت‌ووێژی بنەماڵەکان لەگەڵ میدیاکانی دەرەوەی وڵات و گەیاندنی زانیاری لە بارودۆخیان دەگرن و بەوە دەیانترسێنن کە لە ئەگەری وت‌ووێژ لەگەڵ میدیاکان‌دا دۆسیەی زیندانییەکەیان قورس‌تر دەبێت.کارگێرانی ئەمنی وادە و بەڵێن دەدەن و دەڵێن ئەگەر بنەماڵەکەتان بێدەنگ بن و متمانە بە ئەوان بکەن، دادگا بە ئەرخەیانی بە دۆسیەی تۆمەتبار ڕادەگات و بڕیارێکی سووکتری بۆ دەر دەکات. بەڵام لە ڕاستی‌دا، زۆربەی ئەو تۆمەتبارانەی بنەماڵەیان لە وت‌ووێژ لەگەڵ میدیاکان خۆیان بواردووە و سەبارەت بە بارودۆخیان زانیارییان بڵاو نەکردۆتەوە، دۆخی دۆسیەکەیان لە بێدەنگی‌دا و مانەوەی زیاتری زیندانییەکە خراپتردەچێتە پێشەوە. بە پێچەوانە هەندێ لەم کەسانە بڕیاری قورستریان بۆ دەردەچێت. بەڵام ئەو کەسانەی بنەماڵەیان بێدەنگ نەبووە و ڕاگەیاندنیان کردووە، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیان ئاوڕیان لێ داونەتەوە و داوایان لە دەسەڵاتی دادوەری کردووە چارەنووسی ئەو زیندانییانە دیاری بکەن و ئەم ئاوڕدانەوە یارمەتی تۆمەتبار دەدات.

**٢**. تۆمەتبارانی سیاسی و بڕوایی لە هیچ بارودۆخێک‌دا نابێ لە بەرانبەر کامێرای تەلەفزوێن‌دا دژی خۆیان قسە بکەن. چونکا بەم کارە هەم دۆسیەکەیان ئالۆزتر دەبێت و لە واقیع‌دا ڕێگا بۆ دەرکردنی

بڕیاری مەحکوومبوون لە لایەن دادوەرەوە هەموار دەکەن و هەم یارمەتی لێکۆڵەران دەدەن بۆ گەیشتن بە مەبەستیان کە بە ئەنجام گەیاندنی دۆسیەکە و مەحکووم کردنە. سەرەڕای ئەوەی کە لە هیچکام لە ڕێساکانی بنەمای دادپرسیی تاوان، وتوویژی تۆمەتبار لە بەردەم کامێرای تەلەفزیۆندا پێش‌بینی نەکراوە و ئەم کارە لە لایەن لیکۆڵەران یان بەرپرسانی دادستێنی و دادوەرییەوە ناپاساییە.

**٣**. زۆر جار هەندێ لە تۆمەتباران کە لە ژووری تاکەکەسیدا زیندانی دەکرێن، بە هۆی تەریک‌کەوتنەوە و ئەوەی کە تەنیا لەگەڵ لێکۆڵەرەکەیاندا پێوەندییان هەیە، دوای ماوەیەک هۆگری بە لێکۆڵەرەکە پەیدا دەکەن یان ئەوەی کە متمانەی پێ دەکەن و ئەو شتانەی لێکۆڵەر دەیبێژێت قەبووڵی دەکەن. دەبێ ئەوە بزانین کە "لێکۆڵەر هاوڕێی تۆمەتبار نییە" و بە کردەوە لایەنی بەرانبەری تۆمەتبارە. لێکۆڵەر بە تەریک-خستنەوەی تۆمەتبار و سەپاندنی گوشاری تاکەکەسی لە سەر ئەو، ڕۆح و ڕەوانی تۆمەتبار تێک دەدات و دوای ئەم قۆناخە هەڵسوکەوتی دەگۆڕێت و دەبێتە لێکۆلەرێکی میهرەبان و هاوڕێی تۆمەتبار، بۆ ئەوەی کونترۆڵی بکات و بەو ئاڕاستەدا بیبات کە خۆی دەیهەوێت.

**٤**. تۆمەتبار نابێ لە ئاست ئەشکەنجە و پێشێل‌کردنی قانوون و ڕاگرتنی لە ژووری تاکەکەسیدا بێدەنگ بێت. هەر کاتێ دەیبەن بۆ دادگا یان بازپورسی، دەبێ هەموو پێشێل‌کارییەکانی قانوون و ژووری تاکەکەسی و ئەشکەنجەکردنەکانی لە ڕاپۆرتەکەی دادگادا بنووسێت و دادوەرەکان لەم شتانە ئاگادار بکات. تەنانەت ئەگەر دادوەر یان لێکۆڵەر خۆیشیان ئاگاداری ئەم شتانە بن، دیسان پێویستە لە لایەن تۆمەتبارەوە لە ڕاپۆرتی دادگادا بنووسرێت.

## پەراوێزەکان:

**١.** بڕگەی ١ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و بڕگەی ٢ی پەیمان-نامەی نێوەنەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی ئەسڵی ٣٧ی یاسای بنەڕەتی و مادەی ٤ی "قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان" پەسندکراوی ساڵی ١٣٩٢

**٢.** مادەی ١٦٨ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان: "لێکۆڵەر ئەگەر بەڵگەی پێویستی بو تاوان خستنەسەر بە دەستەوە نەبێ، بۆی نییە کەسێک وەکوو تۆمەتبار بانگێشت یان قۆڵبەست بکات. تێبینی: سەرپێچی لە ڕێسای ئەم مادە دەبێتە هۆی مەحکوومبوونی ئینتزامی تا چوار پلە."

**٣.** مادەی ٢٨ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان پەسندکراوی ساڵی ١٣٩٢: "کارگێڕانی دادگا ئەو فەرمانبەرانەن کە لە ژێر چاوەدێری و ڕێنوێنی دادستێن بە پێی قانوون بەدوداچوون دەکەن بۆ: ئاشکراکردنی تاوان و پاراستنی نیشانە و بەڵگە و کۆکردنەوەی بەڵگەی تاوان و زانیاری و پەیداکردن و ررێ گرتن لە هەڵاتن و خۆشاردنەوەی تۆمەتبار و لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان و ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی بەڵێنە دادوەرییەکان."

و مادەی ٢٩ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان پەسندکراوی ساڵی ١٣٩٢: "کارگێڕانی دادگا بریتین لە:

**ئ)** کارگێڕانی گشتی کە بریتین لە فەرماندە، ئەفسەر و پلەداری هێزی ئینتزامی ئێران کە خەلی پەروەردەی پێوەندیداری دیتبێ.

**ب)** (چاککراوی ١٣٩٤) کارگێڕانی تایبەت کە بریتین لە: ئەو بەرپرس و کارگێڕانەی بە پێی قانوونی تایبەت لە چوارچێوەی ئەرکی پێ سپێردراویان، کارگێڕی دادگا دێنە ئەژمار؛ وەکوو پەرپرسان، جێگرەکان و کارگێرانی زیندانسەبارەت بە کاروباری پێوەندیدار بە زیندانییەکان، کارگێڕانی وەزارەتی ئیتلاعات، ڕێکخراوەی ئیتلاعاتی سپا و کارگێڕانی هێزی بەسیجی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی. هەر وەها هێزە چەکدارەکانی دیکەش

کە لە هەندێ بابەتدا بە پێی قانوون هەندێ لە ئەرکەکانی کارگێڕانیان پێ دەسپێرن، هەموویان کارگێر دێنە ئەژمار.

**تێبینی:** فەرمانبەرانی سەربازی، کارگێڕی دادگا نەیەنە ئەژمار. بەڵام لە ژێر چاوەدێری کارگێڕانی پێوەندیدار لەم بابەتەدا ئەرکەکەن بەڕێوە دەبەن و بەرپرسیارەتی کارەکان لەم پێوەندییەدا لە ئەستۆی کارگێڕانە. ئەم بەرپرسیارەتییە، پەرپرسیارەتی قانوونی فەرمانبەرانی سەربازی ڕەت ناکاتەوە."

**٤.** مادەی ٤٥ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**٥.** مادەکانی ٣٠ و ٤٦ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**٦.** هەر ئەوێ واتە ٥

**٧.** مادەی ٤٩ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**٨.** مادەکانی١٦٨ تا ١٧٩ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**٩.** هەر ئەوی واتە ٧

**١٠.** مادەی ١٨٤ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**١١.** مادەکانی ١٨٠ و ١٨٥ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**١٢.** هەر ئەوێ واتە ١٠

**١٣.** هەر ئەوێ واتە ٥

**١٤.** مادەکانی ١٩٠ و ٤٨ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان و تێبینی ئەو مادە واحیدە "قانوونی ڕێزگرتن لە ئازادی ڕەوا و پاراستنی مافی هاووڵاتی"

**١٥.** مادەکانی٥٢ و ٦٠و ١٩٥ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**١٦.** مادەی ١٩٧ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**١٧.** هەر ئەوێ واتە ١٥

**١٨.** مادەی ١٥٠ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**١٩.** مادەکانی ١٣٧ تا ١٤٧ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

**٢٠.** ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە کاتییەکان

**٢١.** ڕێسای بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانە ئەمنییەکان

**٢٢.** مادەکانی٣١٣ و ٣١٤ی قانوونی بنەماکانی دادپرسیی تاوان

بنیاد شیرین عبادی

SHIRIN EBADI
FOUNDATION

www.shirinebadifoundation.org